مەولوودنامە و میعراج نامە

دانراوی

مەلاعبدالکریم مدرس

ماموستای خویندنگای ئاینیی
حەزرەتی گەیلانی لە بەغدا

١٤٠٢ ی هیجری ١٩٨٢ ی میلادی

دار المثنى للطباعة والنشر ببغداد

تلفون ٨٨٨٩٤٩٧

مەولوود نــامە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذى نور الارض والسماوات ، بطلوع شمس فخر الكائنات • وافضل الصلوات والتسليمات، على سيدنا محمد المولود على اجمل الصور واكمل الصفات ، وعلى آله واصحابه واتباعه المهتدين بالآيات البينات •

ئەی موسولمانینه ! بزانن پیویسته هەموو موسولمانی خوشەویستیی حەزرەتی پیغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) زیاتر بی له گیانو مالو منالو خوشەویستانی خوی ، وەکو حەزرەت فەرموویەتی : قەسەم بەو کەسە که گیانی من وا لەدەستی قودرەتی ئەودا هیچ کام لەئیوه ئیمانی تەواو نابی هەتا حالی وای لی نەیەت که منی خوشتر بوی له نەفسی خویو باوکو دایکیو باقی ئادەمیزاد ، هەموویان •

له نیشانەی خوشەویستیی ئەو پیغەمبەرە رهبەرەیه لەمانگەدا که مەشهووره به (مانگی مەولوود) وه مانگی پەیدابوونی ئەوه ، هەرکەسی بەقەدەر حالی خوی شادمانی دەربریو جەژنی پەیدابوونی ئەو بگیریو ببی بەهوی دلشادیی موسولمانان •

له (بخاری شریف)دا ئەگیریتەوه کاتی که حەزرەت (صلى الله عليه وسلم) له شاری مەککەوه کوچی کردو

گەیشتە شاری مەدینە ، لە مانگی موحەررەمدا بیستی کە جوولەکەکان لە روژی دەهەمی مانگدا بە روژوو ئەبن • ئەویش پرسیاری لی کردن بوچی لەوروژەدا بەروژوو ئەبن ؟ عەرزیان کرد لە شادیانەی ئەوەدا کە حەزرەتی (موسی) لەوروژەدا لەدەست فیرعەون رزگاری بووە • ئەویش فەرمووی : ئیمە نزیکترین بە (موسی) لەئیوە ، وە ئەم روژووە بو ئیمە باشترە •

زانایانی ئیسلام لەم فەرموودەیەوە وەریان گرتووە کە جوانە بو موسولمانان لە خوشیی نیعمەتی گەورەدا جەژن بکەن ، وە دلشادیی خویان دەربرن • دیارە نیعمەتی پەیدابوونی حەزرەت (صلی اللە علیە وسلم) لە هەموو نیعمەتی گەورەترە بو موسولمانان • کەواتە رەوایە بویان شەوی لەدایکبوونی حەزرەت (صلی اللە علیە وسلم) بکەن بە جەژن ، وە دلخوشیی خویانی تیدا دەرببرن •

(امامی سخاوي) رەحمەتی خوای لی بی فەرموویەتی جەژنی مەولوودی پیغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لەپاش سیە قەرن لە هیجرەتی حەزرەتەوە لەناو موسولمانانا پەیدابووە ، وە لەو تەئریخەوە تا ئەمرو موسولمانان لە دیهاتو لە شارا هەموو سالی لە روژی دوانزەهەمی مانگی مەولوودا جەژنیان کردووە •

یەکەم پادشایەکی ئیسلام کە جەژنی مەولوودی کردبی (مظفر ابو سعید)ی پادشای هەولیر بووە • ئەم ذاتە ئەرجومەندە گەلی حورمەتی مەولوودی

گرتووه، وه له هەر جەژنیکی مەولوودا سیصەد هەزار دیناری خەرج کردووه ، وه موسولمانانی لـه مەجلیسی مەولوودا کو کردوەتەوه •

(سِري سَقِطي) رەحمـەتی خـوای لی‌بی فەرموویەتی ئەو کەسـەی لەبـەر خوشـەویستیی حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) جەژنی مەولوود بکا ، بە رەفیقی ئەو ئەناسری له بەهەشتا ، چونکه حەزرەت فەرموویەتی : هەر کەسی منی خوش بوی ، رەفیقی من ئەبی له بەهەشتا •

(جلال‌الدینی اسـیوطی) رەحمەتی خوای لی‌بی فەرموویەتی له هەرشوینیکا مەولوودی پیغەمبـەر بخوینریتەوه ، مەلائیکه بە دەوری ئەهلی ئەو شوینەدا رائەوەستن وه داوای رەحمەتیـان بو ئـەکەن له خوای تەعالا،وه له لایەنی خواوه رەحمەت ئەرژی بەسەریانا، وه دلیان بە نووری رحمەتی خوا رووناك ئەبیتەوه •

زانایانی دینی ئیسلام جەژنی مەولوودیان بـه شتیکی نەوظوهووری جوان ژماردووه،وه فەرموویانه پیویسته لەبەر حورمەتی مەقامی حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) حورمەتی مەجلیسی مەولوود بە دل‌و گیان رابگرین ، وه بە بخوور سوتاندن‌و گولاو پرژانـدن بون‌خوشی بکەین ، وه بە راگرتنی یاسای ئایینی پاکی ئیسلام بی‌خەوشی بکەین ، وه مەیدانی بی‌شـەرمي‌و بی‌شەرعيی تیا نەدەین ، بو ئـەوه له پیروزیی یادی ئەو سەروەره رەهبەرەوه دلمان رووناك ، وه ئەخلاقمان

چاك ، وه كردەوەمان پاك ببيتەوە ، وە وەچـەى تازەى موسولمانان ئەم رەوشـــتە لەئيمەوە وەربگـرن ، وە لەنوبەى خويانا حورمەتى ئەمروژە خاوەن سەعادەتـە رابگرن ..

ئەى پێغەمبەرى ڕەهبەرى ئیسلام
بڕژێ بەسەرتا صەلاتو سەلام
ئەى یادگارى نەتەوەى ئادەم
بۆ تۆ بوو دنیا دەرچوو لە عەدەم
دڵێ بەیادى تۆ نوورانى بێ
لەگەڵ فریشتە ئەبێ بە هاودەم
چاوێ بڕوانێ بۆ ناوچاوانت
وەرئەگرێ نوورى بارەگاى قیدەم
ئەى پێغەمبەرى ڕەهبەرى ئیسلام
بڕژێ بەسەرتا صەلاتو سەلام

* * *

دڵێ بەیادت بگەشێتەوە
نەشئەى نوورى حەق ئەبەخشێتەوە
بەیادى تۆوە سووتاوى جەفا
بەرگى لە صەفا ئەپۆشێتەوە
دەمێ بگاتە تۆزى بەرى پێت
(شرابا طهور) ئەنۆشێتەوە
صەدجار بكوژرێ عاشقت بەتیر
چاتر بۆ عەشقت ئەكۆشێتەوە

ئەی پێغەمبەری ڕەهبەری ئیسلام
بڕژێ بەسەرتا صەلاتو سەلام
* * *

بەکەس ناکرێ ثەنای صوورەتت
کەشف ناکرێ (سرّ)ی سیرەتت
سیما بەشەريو سیرەت فریشتە
(روح القدس)ە هێزی غیرەتت
دنیا لەلای تۆ پەڕە کایەکە
خودا ناسینە مایەی حیرەتت
ئەخلاقی بەرزە دەسمایەی ژینت
عیلمو عیرفانە ڕێی بەصیرەتت
ئەی پێغەمبەری ڕەهبەری ئیسلام
بڕژێ بەسەرتا صەلاتو سەلام
* * *

ئەی دوڕی دەریای ئەسراری لەولاك
بۆ خۆت نەوعێکی بە فەردێکی تاك
هەر ئەوەت لەگەڵ بەشەرا یەکە
ئەتۆیش مەخلووقی بۆ خودای بێباك
لە هەر ئەرزێکا باسی تۆ بکرێ
عەتری ئەگاتە سەر ئەوجی ئەفلاك
مەعنای شەپۆلی زانستی تۆیە
تەسبیحی خودا بە (ماعرفناك)
ئەی پێغەمبەری ڕەهبەری ئیسلام
بڕژێ بەسەرتا صەلاتو سەلام
* * *

لەبۆ ئازارو بێزاری دڵمان
هەر لوطفی تۆیە ئەبێ بە دەرمان
لە جۆشی جەفای ناباری زەمان
هەر سایەی تۆیە چەترە لەسەرمان
لە تۆفی خۆفی زەلزەلەی مەحشەر
هەر تکای تۆیە بەرگە لەبەرمان
کاتی تاریکیی دڵو دەروونم
ڕووناکیی ڕووی خۆت دەربخە بۆمان
ئەی پێغەمبەرێ ڕەهبەری ئیسلام
بڕژێ بەسەرتا صەلاتو سەلام

* * *

ئەی پێغەمبەری شیرین ڕەنگو بۆ
دەستی هانامان بە دامانی تۆ
دنیای ڕووناکم لێبووە بەشەو
مەینەت لەسەرم جەمبووە کۆکۆ
سایە شك نابەم لەگەرمای دەردا
مەگەر سێبەری کاڵای ئاڵای تۆ
خۆت زویر مەکە لە بێشەرمیمان
لابکەرەوە ئەمجارەش لە نۆ
ئەی پێغەمبەری ڕەهبەری ئیسلام
بڕژێ بەسەرتا صەلاتو سەلام

* * *

لە حەدیثی قودسییا هەیە خوای تەعالا فەرموویەتی من خەزینەیەکی شاراوە بووم ، ویستم

بناسریم ، لەبەر ئەوە خەلقم دروستکرد تا بناسریم هەروەها خوای تەعالا لە قورئانا فەرموویـــەتی من جنّو ئینسم دروست نەکردووە بو ئەوە نەبی کـــە عیبادەتم بکەنو بە حەق بمپەرستن • وە لە حەدیثی قودسیدا هەیە کە خوای تەعالا فەرموویەتی بـــــە پیغەمبەر (صلی‌الله علیه وسلم) ئەگەر تو نەبوویتایە وە لەبەر تو نەبوایە ئەرزو ئاســـمانم دروســـت نەئەکرد •

زانایانی دین لە تەفسیری ئەم ئایەتو حەدیثانەدا فەرموویانە ئەو خوا ناسینو خوا پەرستی‌یەی کـــە شایانی ذاتی خودا بی هەر بو پیغەمبەران بووە ، وە لەناو ئەوانیشا بەشی گەورەو پلەی بەرزی هەر بـــو حەزرەتی (محمد المصطفی)یە (صلی‌الله علیه وسلم) ، وە هەر ئەو توانیویەتی ئەو خودا ناســـینو لە خوا ترسانو خودا پەرستی‌یە بەتەواوی بەجی‌بینـــی • کەوابی قسەیەکی راستو حەقیقەتە ئەمە کە ئـەرزو ئاسمان لەبەر حەزرەتی محمد (صلی‌الله علیه وسلم) دروستکراوە ، وە لەم نوکتەوە دەرئەکەوی کـــــە حەزرەتی محمد (صلی الله علیه وسلم) پیشـــەوای پیغەمبەرانەو سەرحەلقەی رەهبەرانە • وە بە دەلیـــل ئەشی لەسەر ئەم مەقســـەدە ئەمە کـــە حەزرەتی پیغەمبەر فـــەرموویـــەتی کاتیك کە من خـــەلاتی پیغەمبەرایەتیم پی‌درا ، هیشـــتا گیان نـــەکرابـــوو بەبەری حەزرەتی ئادەمدا •

ریوایەت کراوە کە نوطفەی وجوودی حـــەزرەت (صلی الله علیه وســلم) لەلایەن حەزرەتی ئادەمــەوە گەیشتووە بە حەزرەتی (شیت) سەلامی خوایان لی بی، وە حەزرەتی ئادەم وەصیەتی بو کردووە کە لە پشتی تودا کەســیکی بەقەدرو قیمــەتو خاوەن هیممەت هەیە ، کـــەواتە پیویستە لە ژنانی بـــەحورمەتو عیصمەت مارە بکەی. هەروەها ئەبی تویش وەصیەت بکەی بو ئەولادی خوت ئەوانەیان سەربەرزو دیارین لە ژنانی بەئەخلاق مارە بکەن ، وە لە رشتەی حەزرەتی ئادەما ئەم وەصیەتە پشت بە پشت دەوامی کرد تـا گەیشت بە باوكو دایکی حەزرەت (صلی الله علیــه وسلم) .

وە هەر لەسەر شورەتی پـــەیدابوونی حەزرەت بووە لەناو پیغەمبەرانا کاتی کە حەزرەتی (ابراهیمی خلیل) خانووی (کعبةالله)ی دروست کرد لە شـاری (مکّەی مکرّمە)دا دوعای خیری کردو لەخوا پارایەوە کە لەناو رشتەی ئەولادەکانیا پیغەمبەریکی بـەرزی بەناوبانگیان بو بنیری کە ئایەتی خودا بخوینیتـەوە بەسەریاناو پاکیان بکاتەوە لە رەوشـــتو خــووی پەستو کردەوەی ناپەسەند ، وە عەقلو مەعریفەتیان پیشان بـداو دلیان بە نـووری ئیســـلام روونـاك بکاتەوە .

لەواقیعدا خودا دوعاکەی لی قەبوول کرد ، وە لە نەتەوەی ئەوا حەزرەتی محمدی (صلی الله علیه وسلم)

دروست کرد ، چونکە ئەمذاتە بلەند صیفاتە نەسەبی ئەگا بە عەدنان ، وە عەدنان ئەچیتەوە سەر قەیـدار کوری حەزرەتی ئیسماعیلی کوری حەزرەتی ئیبراهیم صەلاتو سەلامی خوایان لی‌بی ٠ وە خوای تەعالا دوو عالی مەقامی لە کورەکانی حەزرەتی ئیبراهیم کرد بە پیغەمبەر ٠ یەکەم حـەزرەتی ئیسـحاق کە باوکی پیغەمبەرانی بەنی‌ئیسـرائیلە ، وە دووهەمیـان حەزرەتی ئیسماعیل کە لە رشتەی نەتەوەی ئـەوا بەتەنیا حەزرەتی (محمد المصطفی) پیغەمبەر بووە ، کە ئەم پیغەمبەرە عالی جەنابە بە نووری ئایینی پاکی، وە بە بەرزیی ئەخلاقو رەوشتی چاکی هەموو عالەمی رووناك کردەوەو کرا بە پیغەمبەرو رەهبەر بو هەموو جن‌و بەشەر ، وە بوو بە خاتەمی پیغەمبەرانو حەلقەی ئاخری دائیرەی پیغەمبەران سەلامی خوایان لی‌بی ٠

لەحەقیقەتدا ئەمذاتە شـایانی فەخرو عیززەتە لەلای هەموو عاقلیكو هەموو خاوەن‌بیرو هوشیاریك، وە بو ئەوە ئەشی رەهبەرانی عالەم شانازی بە شانی بەرزیەوە بکەن ، وە خولقو رەوشتی بەرز سـەری ئیحتیرامی بو دابنەوینی کەوا ئەو ذاتە بوو بـەهوی تـەواو کـردنیو گەیاندنـی بە هـەموولایـەکـی دنیادا ٠ لەگـەل ئـەوەدا کـە ئینسـانی شارەزا کـرد بـو خودا پەرسـتیو دوور کـەوتنەوە لـە خودپەرسـتیو لادان لە شـیوەی پەریشـانیو بی‌ئاگاییو مەستي ٠٠ هەروەها شارەزایشی کردن

بو ریگەی ژیانی بەعیزەتو حورمەت، وە بو راگرتنی ئوسوولی ژیانی بەشەریەت ، وە بانگی کردن بو عیلمو صەنعەتو دەستووری حیکمەتو عەدالەت ، وە بو خزمەتي حەقو حەقیقەت ، وە بو صەبرکردنو خو راگرتن لە عاستی ئازارو مەینەت ، وە بو دلسوزيو میهرەبانيو دەستو داوین پاکي ، بو بەرچاو روشنيو دلروناکی ، وە بو دەوامو ئیستیقامەت لەسەر ریگەی سەعادەت ، وە بو فیداکاری بو ئاسایشی نەبراوە ، وە بو باوەرکردن بە تولەی کردەوەی ئینسان ، وە بو گەیشتن بە روژی نەبراوە بو پاداشی ئیشی نوقصانو پایەی کردەوەی خیرو ئیحسان ، وە بو ئەوە کە سەنگی ئینسان ئەوەندەی کردەوەی چاکەیەتی لە خزمەت کردنی حەقو حەقیقەتدا ، وە ئەنجامی بەسراوە بە ساغيی کردارو بیروباوەرو نیازو نیەتیەوە • بەجوری کە ئەگەر کەسیك بە بیری پاكو چاوی روناك تەماشا بکا ئیمان دینی بەوە کە ئەم ذاتە بوو بە یەکەم ریگا پیشاندەری بەزری ئادەمیزاد ، وە ئەم جیهانەی هەلسووراند بو ئەو باوەرە کە هەرکەس بەقەدەر قابیلەتو تیکوشانی خوی سوودی نەبراوەی لیوەربگری ، وە بەهوی ئەو سوودەوە لەمجیهانەدا بەئەبەدي نەمری ••

به فه‌یضی بێ ئینتیها ، بنێره ڕه‌حمه‌ت خودا
له‌بۆ (امام الهدی) بۆ تاقمی سوعه‌دا

ئه‌ی‌شاهی‌خۆش‌خوڵق‌وخوو، ئه‌ی‌ماهی گوڵ‌ڕه‌نگ‌وڕوو
ڕۆح‌و دڵ‌و له‌ش هه‌موو ، بۆ تۆ ببن به‌فیدا

سه‌رگه‌ردی هیممه‌تی تۆ ئاصه‌ف کوڕی به‌رخیا
شاگردی حیکمه‌تی تۆ صه‌ف‌صه‌ف گه‌لی سوعه‌دا

له‌به‌ر مه‌لاحه‌تی تۆ یۆسف قه‌ڵه‌م‌بڕ به که‌ف
له‌به‌ر فه‌صاحه‌تی تۆ سه‌حبان نه‌ما بۆی صه‌دا

بۆ سه‌عدی طالعی تۆ زوهره به دڵ موشته‌ری
له نووری لامیعی تۆ قیبله‌ن له‌بۆ ئیقتیدا

به حوکمی ئیمانی تۆ ، به عیلم‌و عیرفانی تۆ
به وه‌عظ‌و تبیانی تۆ ، دڵ که‌وته ڕێی ئیهتیدا

به حیلم‌و ئیحسانی تۆ ، به عه‌فوی ئاسانی تۆ
به ڕه‌حم‌و ویجدانی تۆ ، کزبوو هه‌وای ئیعتیدا

هه‌رچی هه‌بوون ئه‌صفیا له ئه‌نبیاو ئه‌ولیا
له دائیره‌ی ئه‌ذکیا له ئاخرو ئیبتیدا

جوودو وجوودی هه‌موو ، سیمای سجوودی هه‌موو
شه‌هدو شوهوودی هه‌موو به یومنی تۆ دای خودا

له‌سه‌ر عینایه‌تی تۆ ئه‌هلی هیدایه‌تی تۆ
بۆ نه‌شری ئایه‌تی تۆ چوونه گه‌لی شوهه‌دا

بۆ (صاد)ی چاوانی تۆ کۆمەڵی لاوانی تۆ
وەك قۆچی قوربانی تۆ خۆیان ئەکرد بە فیدا

قەسەم بە ئایینی تۆ ، بە سیرڕی یاسینی تۆ
ڕاستە بە ناسینی تۆ بەشەر ئەگا بە خودا

چۆن باسی ئەوصافی تۆ تەواو ئەکا گفتوگۆ
قوربان لەبۆ نەعتی تۆ خولقی عەظیمە ئەدا

خولقی عەظیمی ئەتۆ ، عەقلی سەلیمی ئەتۆ
قەلبی کەریمی ئەتۆ ، موعجیزە بوون بۆ هودا

ئەی سەروەری ئەنبیا ، ئەی ڕەهبەری ئەتقیا
ئەی دولبەری ئەصفیا (الخیر منکم بدا)

زەوی لە بەحرو لە بەڕ هەردەو چیاو دەشتودەر
پڕ بوو لە خێرو لە فەڕ (من کرم المقتدیٰ)

تیجارەتێکە وەها وێنەی نی‌یە بۆ بەها
وەرگرتنی مەیلی تۆ بە ڕۆح ئەگەر دەس‌بدا

(نامي) لەسەر نامی تۆ لەبۆ ذەوقی جامی تۆ
لەبەر فەیضی عامی تۆ (یطلب منك الندیٰ)

باسی تەشریفو تەوصیفی حەزرەت
صلی الله علیه وسلم

لە ئایەتی بەقیمەتی قورئانی پیروزەوە دەرئەکەوی کە خوای تەعالا لەپیش زەمانی پیغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) هەر پیغەمبەریکی ناردبی بوسەر هەر ئوممەتیك ، عەهدو پەیمانی لەگەلدا کردووە ئەگەر لە زەمانی ئەوا حەزرەتی (محمد المصطفی) رەوانە بکریت، ئەو پیغەمبەرە ئیمانی پی بهینیتو فەرمانی بەجی بهینیو کومەکی بکا ، وە بەراستیو دلسوزی یارمەتیی بدا بو راگەیاندنی ئادابی دین · وە ئەگەر لە زەمانی ئەوا رەوانە نەکرا ، ئەبێ ئاموژگاریی ئوممەتەکەی بکا کە ئەگەر ئەوان بە خزمەتی گەیشتن ئیمانی پی بهینن‌و بە دل فەرمانی جی‌بەجی بکەن · خوای تەعالا ئەمەی بو ئەوە کردووە کە ئەو پیغەمبەرانە لە پایەی حەزرەتی محمد ئاگادار بکاو نموونەیەك لە گەورەییو خوشەویستیی ئەویان پی بنوینی ·

هەروەها ریوایەت کراوە خوای تەعالا هەر کتیبیکی ناردبی بو هەر پیغەمبەری ، میقداریکی لە نیشانەکانی پیغەمبەریەتیی حەزرەتی محمد تیا بەیان کردووە ، بوئەوە کە ئەو پیغەمبەرانە باسی حەزرەتی محمد بەشیوەی مژدە بگەیەنن بە ئوممەتەکەیان ، وە

هەموو لە صیفاتو خولقو رەوشتی تی بگەن ٠

لەو مژدەو بەشارەتانە ئەمەیە کە خوای تـــەعالا خیطاب بە حەزرەتی موسی سەلامی خوای لەســەربی ئەفەرمویت : تەجەللای من دەرکەوت لە کیوی (طوری سیناء)دا بە رەوانە کــردنی تو ، وە نووری حـــەق دەرئەکەوی لە کیوی (ساعیر) بە رەوانە کردنی عیسی، وە بە ئاشکرا نووری حەق دەرئەکەوی لە کیوەکانی (فاران) ٠ فاران یەکیکە لەو سیە کیوانە کــە باوكو باپیری حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) لەناویانا ژیاون، وە ئەشکەوتی (حِراء) کە شوینی دانیشتنی حەزرەت بووە بەتەنیا بو بیرکردنەوە لە پەروەردگاری دنیا ، لە ئەوزاعی ئەرزو ئاسمانو هاتوچوی ئەستیرەکان لە کیوی فاراندایە ٠

وە لە تەوراتا هەیە خوای تەعالا فەرمانی دا بـــە ئیبراهیمی خەلیل لەسەرئەوە کە ئیسماعیلو هاجەری دایکی ببا بـــو خاکی فارانو لـــەوی دایانبنی ، وە مەعلوومی هەموانە کە حەزرەتی ئیسماعیلو دایکی لە (مکّەی مکّرمە)دا بوونو حەزرەتی ئیبراهیم لــەوی داینــاون ٠

وە لە سیفری (شعیا)دا هەیـە کە یەکیکـــە لە پیغەمبەرانی بەنی ئیســـرائیل ، عیبارەتیك کـــە تەرجەمەکەی ئەمـــەیە ٠ ئەلی ئەی شـــەعیا مـــن پیغەمبەریکی نەخویندەوار رەوانە ئەکـــەم بولای

ئادەمیزاد، وە بە یومنو پیروزیی ئەو پیغەمبەرە چاوی کویر بینا ئەکەم ، وە گویچکەی کەڕ ئەکەمەوە ، وە دلی بە پەردە داپوشراو گوشادو روونال ئەکەمەوە •

جیگەی لەدایكبوونی ئەو پیغەمبەرە شاری مەککەیە، وە ئەو شوینەی لەئەنجاما هیجرەتی بو ئەکا شاری مەدینەیە ، وە هیزو دەسەلاتی لە ولاتی شاما ئەبی • ئەو پیغەمبەرە عەبدیکی خاوەن توکلو دلئەستوورە ، وە هەلبژیرراوو پایەدارو خوشەویستە •

ئەوەندە میهربانە لە جەزای کردەوەی خراپی خەلکا خراپە ناکا، بەلکو چاوپوشيو لیبووردنیهەیە• بەرەحمو رەوانە لەگەل موسولمانانا • ئەگری بو هەتیویٚ کە لەباوەشی دایکیا بی • زویر ئەبی بە چاوپیکەوتنی حەیوانیٚ کە باری گرانی لەسەر پشت دانرابی • دلرەق نییە ، قسەی تال نییە • لە بازارا دەنگ بەرز ناکاتەوە ، وە بە شتی ناشیرینو ناپەسەند خوی جوان ناکا • قسەی خراپ بەدەمیا نایەت • ئەوەندە ئارامو بەشەرمە ئەگەر رابووری بەلای چرادا گری ئەو چرایە نالەریتەوە • ئەگەر بروا بەسەر قامیشا لەژیرپییا دەنگی لیوە نایەت •

ئەو پیغەمبەرە رەوانە ئەکەم بە موژدەدەر بەو کەسانە کە فەرمانبەری خودان وە بە ترسینەری ئەوانە کە بەگویرەی فەرمایشی ئەو ناجوولینەوە • ئوممەتی ئەو پیغەمبەرە ئەکەم بە چاکتر لە ئوممەتی

هەموو پیغەمبەران چونکە ئەمر ئەکەن بە چاکەو نەهی ئەکەن لە خراپە ، وە چونکە ساغو خاوەن ئیخلاصن لە ئیمـــانو بیروباوەردا ، وە لە بەجی هینانی ئـــەو کردەوانەدا کە پیغەمبەر ئەیان گەیینی بەوان ..

ئەو ئوممەتە ئوممەتیکن تەماشای حیسابی شەوو روژو حەفتەو مانگو سال ئەکەن بو بەجیهینـــانی نویژو روژوو حەجو باقیی ئەو عیبـــادەتانە کـــە لەسەریانە ، وە تەوحیدو تەسبیحو تەکبیرو حەمـــدو ثەنای خوم ئەهاویمە دلیانەوە ، وە ئەمانە بەجی دینن لە مزگەوتا ، وە لە مەجلیسا ، وە لە شوینی نووستنا، وە لە مالو مەنزلی خویانا .

ئەو ئوممەتە صەف بەصەف بەریز رائەوەستن لە مزگەوتا وەکو چون فریشتە لە ئەترافی عەرشـــا ریز ئەبەستن . ئەو ئوممەتە دوستی منن، وە کومەکی دینو ئایینی منن . بەوان تولەی تاوان وەرئەگرمەوە لە تاوانباران ، کە بتپەرستانو دوژمنانی خوا بەیەك ناسینو حەق پەرستین .

ئەو ئوممەتە نویژ ئـــەکەن بە راوەســـــتانو دانیشتنەوە لەبەر رەزای من ، وە رکووعو ســـجوود ئەبەن بو فەرمان بەرداریی من ، وە بە هەزاران لـــە مالی خویانەوە درئەچن بو غەزا لەبەر من . بە کتیبی ئەوان دوایي کتیبانی خـــوم دەهینم ، وە بە دیـــنو ئایینی ئەوان دوایي بە دینو ئایین ئەهینم .

ئەو ئوممەتە لەکاتی توورەبوونو رقهەستانا (لا اله الا الله) ئەکەن ، وە لەوەختی عاجزيو تیکچوونی ناوخویانا (سبحان الله) ئەکەن ، وە دەستو پیو دەموچاوی خویان ئەشون بو عیبادەت کردن ، وە کتیبی خویان لەبەرئەکەن • ئەو ئوممەتە ئەکەم بە گەورەترینی ئوممەتانی هەموو پیغەمبەران، وە پایەو پلەی بەرز بو ئەوکەسانەیە کە لەسەر دینو ئایینی ئەوانن • ئەمە فەضلی خومە ئەیدەم بە هەرکەس مەیلم لەسەری هەبی ، چونکە من خاوەنی فەضلی گەورەم •

وە لە زەبووری حەزرەتی داووددا سەلامی خوای لیبی لە مەزمووری ژمارە چلوچوارا هەیە بەشیوەی خیطابو قسەکردن لەگەل پیغەمبەری ئاخرزەمانا ئەلیت: نیعمەت ئەرژی لە دوولیوەکانتەوە بویە خوای تەعالا بەرەکەتی رژاندووە بەسەرتا هەتا ئەبەد • شمشیری خوت رووت بکە چونکە شەریعەتو ئایینی تو لەگەل هەیبەتی دەستایە • تیرت تیژە ، هەموو ئوممەتو میللەتی فەرمانت بەجیدەهینن •

وە لە بەعزی کتیبی موعتەبەرو باوەر پیکراوا هەیە ئەلیت لەوکاتەدا کە پادشای بابل (بەختەنەصر) بەنی ئیسرائیلیەکانی بەدیل گرتو بردنیە شاری بابل لەوی رای گرتن ، شەویکیان بەختەنەصر خەویکیدی ، بو تەفسیری ئەو خەوەی دامابوو کەسیوای دەس نەئەکەوت کە بەجواني تەعبیری

ئەوخەوەی بو بداتەوە ، تا هەندی لە پیاوە نزیکەکانی پی‌یان‌وت کە لەناو ئەم دیلە ئیسرائیلی‌یانەدا پیاویکی مقدّس هەیە ناوی (دانیال)ە ، وە ئەوذاتە دەستی زورە لە تەعبیردانەوەی خەودا ٠ کە بەختەنەصر ئەم قسەیەی بیست زوری پی‌خوش بوو ، وە ناردی بەدوای حەزرەتی دانیالدا ٠ کە تەشریفی هینا بەختەنەصر وتی ئەی دانیال لەخەومدا تیمثالیکم دی لەشیوەی ئادەمیزادا ، سەری لە ئالتوون بوو ، وە لە گەردنیەوە تا بیخی رانی برنجەی زەرد بوو ، وە هەردوو قاچی لە ئاسن بوون٠ ئەم تیمثالە لە دەشتیکا بەپیوە وەستینرابوو ٠ هەروەها چاوم بە بەردیکی بچووك کەوت لەودەشتەدا لەخویەوە زل ئەبوو وە بەرز ئەبووەوە تا ئەوەندە زل بوو ، وە ئەوەندە بەرز بووەوە هەموو ولاتی روژەلاتو روژاوای داگرت ٠ بەردەکە لەکاتی زل‌بوونەکەیدا وردە وردە ئەیدا لە تیمثالەکە وە وەك بەرد بدا لە کل وەها ئەی‌شکاندو دای‌ئەوەراندو دای‌ئەرزاند ٠ تکام ئەوەیە تەعبیری ئەم خەوەم بو لیك‌بدەیتەوە ٠

حەزرەتی دانیال فەرمووی ئەو تیمثالە شیوەی پادشایەتی‌ی پادشا بت‌پەرستەکانە ٠ سەرەکەی کە لە ئالتوون بووە ، صوورەتی شەخصی تویە کە پادشایەکی بەقیمەتو بەهەیبەتو دەسەلاتی ٠ وە ئەو ئەندازەیەی کە لە برنجەی زەرد بووە صوورەتی بەشیکی ترە لە پادشایانی بت‌پەرست کە بەشیوە لە

تو ئەچن ، بەلام وەك تو هیزو قیمەتیان نی‌یە • دوو قاچە ئاسنەکەیش صووورەتی دوو چینیترن لە پادشایان کە نە لە شیوەو نە لە هیزو توانادا لە تو ناچن • ئەو بەردە بچووکەش کە لە دەشتەکەدا دیوتە، بەپی‌ی ئەوەی کە لە کتیبی ئیمەدا هەیە صوورەتی پیغەمبەریکە لە نەتەوەی حەزرەتی ئیسماعیل لە ولاتی حیجازا پەیدا ئەبی‌و تەرەقی ئەکاو بەرز ئەبیتەوەو دین‌و ئایینی ئەو خورهەلات‌و خور نشین ئەگریتەوەو پادشا کافرو بت‌پەرستەکان لەسەر دەستی ئەوو ئوممەتی ئەودا ئەفەوتین •

وە چەند سەیرە بەرد زل ببی‌و ولات پر بکاو تیمثالی ئاسن بشکینی ، بەرزبوونەوەی ئەو پیغەمبەرەو زال‌بوونی بەسەر پادشایانی دنیادا ئەوەندە سەیرە ، وە ئەبی بەهوی ئەوە کە ئینسان سەری سر بمینی ، بەلام سەر سر مان لەلای ئیمەیە ، وە بو خوداوەندی عالەم هەر شتی کە ئارەزووی لی‌بی ئاسانە • شەریعەتی ئەو پیغەمبەرە هەرچەند بەرز ببیتەوە ، ئەوەندە ئایینی کافران‌و بت‌پەرستان دائەنەوی‌و نیشانەی نامینی •

بەختەنەصر هەرچەند ئەم تەعبیر لی‌دانەوەی خەوەکەی پی ناخوش بوو ، وە لەسەر دلی گران بوو، بەلام بەعەقلیا چوو ، وە گەلیك ئیکرامی حەزرەتی دانیالی گرت‌و میهرەبانی‌ی لەگەل نواند •

وە لە ئینجیلا هەیە کە حەزرەتی عیسی سەلامی

خوای لی‌بی فەرموویە بەوانە کە پەیرەویی ئەویـــان ئەکرد : داوا ئەکەم کە خوای تەعالا پیغەمبەریکتـــان بو بنیری کە ثەناو ستایشی خوا ئەکاو ئوممەت رزگار ئەکا لە زەحمەت‌و مـــــەینەت‌و لەگەل ئوممەتـــدا ئەمینیتەوە تا روژی قیامەت • یەعنی ئایینی ئەو تـــا روژی قیامەت بەردەوام ئەبی •

ئاشکرایە کە پیغەمبەریکی وەها کە پاش حەزرەتی عیسی هاتبی بەم نیشانانەوە ، بریتی‌یە لە حەزرەتـــی محمد (صلى‌الله عليه وسلم) وەکو خوا لە قورئانا بـــە زوبانی حەزرەتی عیساوە ئەفەرمویت ئەی گـــــەلی بەنی‌ئیسرائیل من پیغەمبەری خوذام بولای ئیوە ، وە موژدەتان ئەدەمی بە هاتنی پیغەمبەریك لەپاش خوم کە ناوی (احمد)ەو حەمدو ثەنای خوا زور ئەکا •

خولاصەی کەلام لە هەموو کتیب‌و ئەســـفاری پیغەمبەرانی رابوردوودا تەعریفی حەزرەتی (محمـــد المصطفى) صلى‌الله عليه وســـلم بـــەیان‌کراوە ، وە نیشانەی خوی‌و ئوممــــەتی روشن‌کراوەتـــەوە ، وە پیغەمبـــەران بەپی‌ی ئەو نیشانانە مژدەی هاتنـــی حەزرەتی محمدیان داوە بە ئوممەتەکانیان •

بەلام ئـــەو خاوەن‌کتیبـــانە لەپاش زەمانـــی پیغەمبەرەکانیان گـــەلیك لەو نیشانانەیان لەبـــەر حەسـوودی لابـردووەو هـــەندیکیان گـــوریوە بەباریکی‌تردا، وە هەندیکی‌تریشیان بە خیلافی واقیع وە بە درو مەعنا لیداوەتەوە • هەندیکیشی هەروەها

ماوەتەوە ، وە لەبەر زوری و رووناکی نەیان توانیــوە دەستی بو بەرن • وە ئەگەر ئینصاف و ویجدان بیتە پیشەوە هەموو ئەهلی کیتـــاب بەناچاری مەجبووری ئەوە ئەبن پی ی لی بنین کە خاوەنی ئەو نیشانانـــە حەزرەتی محمده (صلی الله علیه وسلم) ، وە ئەم ذاتەیە مژدەی هاتنی دراوە ، وە پیغەمبەری ئاخرزەمانە ، وە لەپاش ئەو پیغەمبەری تر نابی و دینی ئەو هەموو دینە پیشووەکان نەسخ ئەکاتەوە ، وە بەتەنها ئایـــین و میللەتی ئەو بە حەق و راستی ئەمیننەوە لەسەر رووی زەویدا •

ئەو مژدەو بەشارەتانەی کە باســمان کــردن بەجوریك لەناو یەهــوودی و نەصــرانی یەکانا بــلاو بووبوونەوە ، یەهوودی یــەکانی ولاتی حیجـــاز هەرکاتیك کردەوەیەکی ناپەسەندیان لە ئەهلی ئــەو ولاتـــە ئەبینی هەرەشــەیان لی ئەکردن بە نزیك بوونەوەی زەمانی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وە ئەیانوت نزیکە ئەو پیغەمبەرە مژدە پی دراوە بیت وە عەدالەت لە ولاتا بلاو بکاتەوە • ئەوسا مەجالی ئــەم جورە کردەوانە نامینی و حــەقی هەموو ئیشــیکی خراپتان لی ئەسینی • لەگەل ئەوەشدا کە حەزرەتــی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هاتە پیشەوە ، ئــەو کیتابی یانە کە زوو مژدەیان ئەدا بە هاتنی ، کەوتنە دەربرینی کینەو بەربەرەکانی ، وە هــەموو جورە پیلانیکیان بــەکارهینا بو فەوتانــدن و کزکردنــی

ئیسلامەتی‌و موسولمانان • بەلام لەگەل ئەو هەمـوو تەقەلایەشیاندا خوای تـەعالا هـــەر یارمـــەتیی موسولمانانیدا ، وە دینی ئیسلام پەرەی سەندو بـە جیهانا پرتەوی خوی بلاو کردەوە ، وە عالەمی بـــە روشنایی ئیسلام روشن کردەوەو ئەو کافرە خاوەن کینەو عەنادانە لەناوچوون چونکە خوا غالبە بەسەر ئیشی خویدا ، وە مەیلی لە هەرچی هەبی بە ئارەزووی خوی جی‌بەجی‌ی ئەکا •

ئەی کانی کەرەم ، سەروەری دیوانی مەحەببەت
ئەی شەمسی عەلەم ، ڕەهبەری کەیوانی مەحەببەت

ئەی نوورو ضیای ئەرزو هەموو چەرخی سەماوات
ئەی شەوق‌و بەهای ئادەم‌و ئەدیانی مەحەببەت

ئەی طالیعی بورجی شەرەفی عیززەت‌و تەقوا
ئەی جامیعی فەوجی سەلەفی بابی مەحەببەت

تۆی مەرکەزی بۆ دەورو ئەتۆی قوطبی کەمالات
تۆی شەمسی صەفای حیکمەت‌و تۆی لوببی مەحەببەت

تا دەم بە بەهای ناوی ئەتۆوە بوو بەسەریا
ئەڕژا لە سەمای فەیضەوە بارانی مەحەببەت

ئەو نووحە کە ڕزگار بوو لە تۆفانی هیلاکەت
هەر غایە نەهەنگێ بوو لە دەریایی مەحەببەت

ئەو ئاگرە وابوو بە گولستانی براهیم
مەقسەد لە گولی تۆ بوو لە ناوباغی مەحەببەت

یەعقووبی نەبی صەبری جەمیلی لە دڵا بوو
چۆن پڕ بوو دڵی ئەو لە گوڵی باغی مەحەببەت

ئەییووبی نەبی دەردی جەفای برد بە وەفای تۆ
یۆسف بە هەوای تۆ وەری گرت نووری مەحەببەت

مووسا یەدی بەیضای لە چرای طەلعەتی تۆ بوو
عیسا بە صەفای تۆ گەیی یە شۆری مەحەببەت

پەی پەی بە قودوومی شەرەفت موژدە ئەباری
وەك سەیلی بەهاری لە سەمای نووری مەحەببەت

مووسا بوو کە ئەیفەرموو نیشانەو صیفەتی تۆ
داوود بوو کە ئەی خوێندەوە مەزمووری مەحەببەت

عیسا بوو (مبشّر) بە عەلاماتی (محمد)
(احمد) لەقەبی فەخرە لە ئایاتی مەحەببەت

شەعیا بوو ئەهاتە سەری ئایاتی سەماوي
بۆ نەعتی نەبیو تاقمی ڕایاتی مەحەببەت

سیفرێ نەبوو بێ دەفتەری ئەوصافی (محمد)
عەصرێ نەبوو بێ عەنبەری ئینصافی مەحەببەت

نوورێ کە خودا داویە بە سینەو دڵی پاکان
جیلوەی دڵی تۆ بوو بە فیووضاتی مەحەببەت

لوقمانی حەکیم لوقمەخۆری خوانی کەماڵت
سەحبان بە بەیان کەوتە بەسەرهاتی مەحەببەت

حاتەم بە تەمای خوانی سەخاو بەخششی تۆ بوو
کەوتە کەرەمو نەشری شیعاراتی مەحەببەت

ئەم بەندە کەوا بەندی هەواتە بە دڵی خۆی
بۆ قاپی‌یەکەت هات بەتەمای وەجدو مەحەببەت

یەك قەترە لە بارانی سەمای صەفوەتی تۆ بوو
یەك نم لە هەوای هەوری وەفاو ڕوشدو مەحەببەت

بێتوو بتکێتە دڵی پەژموردەیي زاری
(عیناً) وەکو سەرچەشمە ئەدا ئاوی مەحەببەت

عادەت لە کەریمانەوە ئیحسانو عەطایە
ئەی شاهی خەطاپۆشو عەطابەخشی مەحەببەت

با لوطفو عەطات بێت بە تکای عەفوی خەطای من
بۆ (نامی) یەکەی مانیي‌یەکەی نەقشی مەحەببەت

ڕەببی بڕژێنە لە سەماواتی مەحەببەت
بارانی صەفا بۆ دڵی سوڵطانی مەحەببەت

* * *

لەکاتێکا خوای تەعالا ویستی رووی زەوی بە چرای خاوەن صەفای روخساری نازداری رەهبەری عالەم روونا‌ك بکاتەوە ، وە ئەم جیهانە بە پرتەوی پیغەمبەری سەروەر پرشنگ‌دار بکا ، وە دلی گروهی ئادەمیزاد بە چرای ئیسلامەتی نوورانی بکا ، دلی (عبدالله)ی باوکی پیغەمبەری ، کە یەکیك بوو لە دە

کورەکەی (عبدالمطلب) وە لە پیاوە خاوەن شانو شکوکانی تایەفەی قورەیش بوو، بزواندەوەو خستیە سەر سەودای ژنهینان • وە دایکی تیگەیاند کە لەناو تایەفەی قورەیشدا بگەریو ژنیکی بەقەدرو حورمەتی بو بدوزیتەوە • دایکی گەلیك گەرا تا (آمنە)ی کچی (وهب)ی کوری (زهرە)ی کوری (عبدالمناف)ی بو دوزییەوە کە لەناو هەموو ژنانی ئەوروژەی تایەفەکەیدا هەلبژیرراوو دیاری بوو •

لەپاش بەجیهینانی رەسمو یاسای خویان، بەشەرەفو حورمەت مارەیان بری لە (عبداللّٰه)و گویزایانەوە • وە لەپاش ئەوە کە نووری نوطفەی پاکی حەزرەت صلی اللّٰه علیەوسلم لەلایەنی (عبداللّٰه)وە نەقل بوو بو لای ئامینە، لە پیروزیی ئەم ذاتە خاوەن هیممەتەوە سیماو شیوەی ئامینە روژ بەروژ بە نەوعی ئەگورا، وە نووری حەزرەت لەناوچاوانیا ئەدرەوشایەوە، بەجوریك کە هەموو ئینسانیکی ژیر تی ئەگەیشت ئەو ژنە حاملەیە بە ذاتیکی پایەبەرزی خاوەن هیممەتو قیمەت، وە رووی دنیا بەهوی ئەوذاتەوە رووناك ئەبیتەوە •

راستییەکەی وەك چون لە بەرەبەیانا دنیا روشن ئەبیتەوە، وە بای نەسیم ئەشنیتەوە، گەلی وەزعی ئەم دنیایە گوراو رووی کردە خوشبوون، یەعنی زستانی تاریکستانی تەواو بوو، ئەمجارە نوبەی

نەسیمی صافی بەهارو جوان بوونی دنیایە بە گولو گولزار ٠

لەپیش لەدایك بوونی حەزرەتدا (صلى الله عليه وسلم) چەند شتیکی سەیر لەدنیادا دەرکەوت کە هەرکەسیکی ژیر تەماشای بکردنایە ئەیزانی دنیا بە ریی گورانەوەیە بە باریکی جواندا ، وە نزیکە وەزعیکیوا بیتە ناو ئادەمیزاد لەتاریکاییشەقاوەتو زەحمەتەوە بکەویتە روشنایي بەختیاریو رەحمەت ٠

یەکی لەوشتانە ئەمەبوو پەنجا روژ لەپیش پەیدابوونی حەزرەتا (أبْرَهة) ناوی حەبەشەیي کە فەرمانرەوای ولاتی یەمەن بوو توورە بوو لە ئەهلی مەککەو لە خانووی (كعبة الله) کە قیبلەگای ئەهلی مەککەو هەموو عەرەب بوو ، وە سوپاهیکی زور گەورەو چەند فیلی بەهیزو هەلەتی ریکخست بو داگیرکردنی ولاتی حیجازو ویرانکردنی (كعبةالله) ، وە بەمەبەستە ناپەسەندەوە هات وە نزیکی شاری مەککە بوەوە ٠٠ وە لە نزیکی مەککەدا ئوردووگای هەلدا ، وە گەلیوشترو حەیواناتی عەرەبی بەتالان برد کە هەندیکیشی هی (عبد المطلب)ی باپیری حەزرەت بوو ٠ لەوکاتەدا (عبدالمطلب) رویشت بەدەمیەوە بو ئەوەی لەگەلیا ریك بکەویو حەیوانو وشترەکانی خویو خەلکەکەیتر وەربگریتەوەو لەو بیرە شوومە پەشیمانی بکاتەوە ٠

کە نزیك بوەوە لە ئیستیراحەتگاهەکەی ئەبرەهەو ،

ئەبرەهە چاوی پی کەوت ، زور بە پیاویکی بەقـــەدرو حورمەتو بەرزو بەهیممەت هاتە پیش‌چاوی ، وە زور قەدرو حورمەتی عبدالمطلبی گــرتو بەخـــیرهاتنی لی کرد • عبدالمطلب لەپاش ئەوە کە حەسایەوە تکای لە ئەبرەهە کرد سوپاکەی بگیریتەوەو نەیەت بەســـەر ولاتی مەککـــەدا ، وە ئەو حـــەیوانو وشـــترانەی بردوویانە بیداتەوە • ئەبرەهە وتی زور ســـــەرم سورئەمینی کەوا تو لەجیـــاتیی ئەوەی لەبابـــەتی پاراستنی خانووی کەعبەوە تکـام لی‌بکەی کە قیبلەی عەرەبو عیبادەتخانەی ئیـــوەیە ، تکای گیرانـــەوەی حەیوانو وشترەکانتان ئەکەی! عبد المطلبیش وەرامی دایەوە کەوا هەرشتیك خاوەنیکی تایبەتیی هەیە • ئیمە خاوەنی وشترو حەیوانەکانین ، مالی کەعبەیش خاوەنیکی بەدەسەلاتی هەیە کە خوایە، وە ئەو خانووی خوی ئەپاریزی • لەئەنجاما ئەبرەهە بریاریدا کـــە وشترو حەیوانەکانیان بداتەوە ، بـــەلام ئەبی مـــالی کەعبە برووخینی • وە بەم‌نیازە ناشیرینە فەرمانیدا سوپاکەی بەرەو کەعبە بکەویتە ری‌و ، فیلەوانەکان ئاگادارکران کە فیلەکانیان ئامادە بکەن‌و برون بـــو مەککە بو رووخاندنی خانووی کەعبە • بەلام خـــوای تەعالا بو پاراستنی مالی خوی کە ئەبی بە جیگـــــای عیبادەتی بەحەق ، وە بو دەرخستنی پایەو گەورەیي مەقامی حەزرەت (صلی‌الله‌علیه وسلم) کە لەو نزیکانەدا

دیته دنیاوه ، فیله‌کانی مه‌نع کـــرد له رویشتن بـــو مه‌ککه ، وه هه‌رکاتی که فیله‌وانه‌کان به‌ره‌و مه‌ککـــه لی‌یان ئه‌خورین ، ئه‌وان ئه‌نووســـتن‌و جوولـــه‌یان نه‌ئه‌کرد ، وه که روویان وه‌رئه‌چه‌رخاندن له مه‌ککـــه به‌جوریك رایان ئه‌کرد کـــه فیله‌وانه‌کان پیـــایانا نه‌ئه‌گه‌یشتنه‌وه · فیله‌وانه‌کان له‌م کاره‌ساته‌سه‌رسام بوون‌و سوپایه‌که‌یش سه‌رگه‌ردان بوو ، وه لـــه هه‌مان‌کاتا خوای ته‌عالا بو به‌ربادکردنی ئه‌و سوپایه تاقمیك په‌له‌وه‌ری له‌لای ده‌ریای ســـووره‌وه ره‌وانه کرد، وه هه‌ریه‌کی له‌و په‌له‌وه‌رانه هه‌ندیك گلی ره‌قیان به ده‌نووك‌و چنگه‌وه بوو ، که گه‌یشتنه راســـه‌ری سوپایه‌که ئه‌و گلانه‌یان فری ئه‌دا به‌سه‌ریانا ، وه به قودره‌ت‌و ته‌وانای خـــودای عاله‌م ئه‌و گله به‌ســـه‌ر هه‌رکه‌سیکدا ئه‌که‌وت وه‌کـــوو ئاگریکی تیژ ســـه‌ری ئه‌وکه‌سه‌ی ئه‌سووتاندو کاریشی ئه‌کرده ناو سکی ، وه له ماوه‌یه‌کی که‌مدا ئه‌وکه‌سه ئه‌مرد · به‌م‌جوره وه به‌م‌شیوه سه‌یره ئه‌و ســـوپایه په‌ریشان بـــوو ، وه کومه‌لیکی زوریان مردن ، وه به‌م کاره‌ســـاته ئـــه‌و سوپایه تیکچـــوو ، وه له به‌جی‌هینـــانی دلخـــوازه ناشیرینه‌که‌ی ئه‌بره‌هه پاش‌که‌وت ·

له‌پاش ئه‌م کاره‌ساته عه‌جایبه که خودا پیشـــانی ولاتی حیجازی دا ، وه به‌تایبه‌تی دلی خه‌لکی مه‌ککه‌ی پی خوش‌کرد ، روژبه‌روژ وه‌زعی ئه‌هلی مه‌ککه‌خوش ئه‌بوو ، وه نیشانه‌ی رووناکی‌یان بو ده‌رئه‌که‌وت ·

هەروەها ئەوساڵە هەرچەند ساڵیکی نەهاتو گرانیو بیبارانی بوو ، هەر بەهوی پیروزیی هاتنی حەزرەتەوە (صلی‌الله‌علیه وسلم) گورا بە ساڵیکی خوشو ساڵیکی هەرزانی بەنەوعی کە ئەهلی ئەو ولاتە ئەو ساڵەیان ناو ئەبرد بە ساڵی شادمانیو خوشي ٠

یەکیتر لەو شتانە ئەوەبوو کە خوسرەوی پەرویز پادشای ئیران لە شەوی پەیدابوونی حەزرەتا (صلی الله علیه وسلم) لەخەویا دیتی ئینسانیک بەهیرشو هەرەشەوە هاتەسەریو پیی‌وت « زووبەزوو هەرچی ولات لەدەستایە بیدە بە دەستی مەردی عەصابەدەستی حەق‌پەرستی ئارامو هیمنەوە » ٠

خوسرەو کە لە خەو خەبەری بوەوە ، گەلیك پەریشان بوو بەو خەوەی کە دیویەتی ، وە کەوتە دلیەوە کە مەعنای ئەو خەوە ئەوەیە فەرمانداریو پاشایي لە بنەماڵەی ساسانیدا نامینيو ئەکەویتە دەستی کەسی کە بەتەبیعەت ئارەزووی لە ئازارو خوین رژانـدن نی‌یە ٠

وە هەر لەو شەوەدا کە ئەم خەوەی چاوپی‌کەوت قەسری حوکومەتەکەیشی کەوتە زەلزەلەو تەکان ، وە چواردە تاقی لی رووخا ٠ بەم‌کارەساتە زیاتر لە خەوەکەی دڵ‌گران بوو چونکە لەگەڵ مەعنای خەوەکەیدا نزیك‌بوو، وە هەر لەو سەردەمەدا گەورەی ئاینی مەجووس لە خەودا چاوی پی کەوت کەوا تاقمیك

وشتری سەرخوش لەگەل رەوگی لە ئەسپی سەرکیش لە رووباری دەجلە بەرەو خورهەلات پەرینەوەو بە ولاتا بلاو بوونەوە بو ئیشارەت بەوە کە سوپای وشترسوارو ئەسپسوار لە جەنووبەوە دینو ولاتی عەجەم داگیر ئەکەن ٠

یەکیکی تر لەوشتانە ئەوەبوو لە شەوی پەیدابوونی حەزرەتدا ئاگری عیبادەتخانەی مەجووسەکان لە شیراز کە هەزار مال پاسەوانی بەدەورابوو ، وە نەیان ئەهیشت بکوژیتەوە ، لەوشەوەدا فەراموشیان کردو کوژایەوە ، بو ئیشارەت بەوە کە ئایینی مەجووس لەسەر ئەرزدا نامینی ٠ دوو شتی تر لەو شتانە ئەوە بوو کە ئاوی سەماوە لە ولاتی شام وە دەریاچەی ساوە لە خاکی فەلەستین کە لەژیر دەستی حوکومەتی رومدا بوون، وشك بوونو بە ئەرزا روچوون بو ئیشارەت بە نەمانی فەرمانی روم لە ولاتی شامدا ٠ یەکیکی تریشیان ئەوەبوو کە هەرچی بت لە مالی کەعبەدا دانرابوون وە عەرەبەکان ئەیان پەرستن ، لە شەوی پەیدابوونی حەزرەتدا هەموو بەروودا کەوتن ٠

خولاصە گەلی نیشانەی گەورە لەرووی دنیادا دەرکەوت کە ئیشارەت بوون بە گورانی زەمانی گومراییو نزیك بوونەوەی روژی بەرزیی ئایینو حەقپەرستیو راستیو بەختیاری ، بە لەدایك بوونی حەرزەتی محمد (صلی الله علیه وسلم) ٠

ڕەببی بینێرە صەلاوات
بۆ حەبیبی خۆش لەقای تۆ
ئەوەندە لایق بێ بە فەضڵت
تا ئەمێنێتەوە بەقای تۆ

* * *

گیانفیدای عەرعەری باڵای تۆ
دڵفیدای سێبەری ئاڵای تۆ
پادشایە ئەوەی بێتە بەر
سێبەری باڵی هومای تۆ
شاد ئەبێ ئەوکەسەی ببینێ
هەیئەتو صوورەتو سیمای تۆ
بۆ کەسێ بێتەجێ حوضوورت
تاجی عیززەتە لیقای تۆ
شەونمی فەیضی تۆ شیفایە
بۆ جەفاکێشی وەفای تۆ
مەرهەمی زامی دڵانە
چاوی ئاهووی بێخەتای تۆ
نیونیگای تۆ بە میهرەبانی
کافییە بۆ موبتەلای تۆ
فەجری تەئریخی تۆ کە دەرکەوت
شەوقی داوە لەبەر صەفای تۆ
ڕۆژی تابان لە چەرخی بەرزا
بەهرەگر بوو لە ضیای تۆ
قودسییانی مەقامی عیززەت

(قابَ قوسينِ) لەلای تۆ
(یامزمل) بۆ خەڵاتت
(یا مدثر) بۆ کاڵای تۆ
(یاسین) لەقەبی تەشریفت
(طاها) بۆ بەدری گۆنای تۆ
بە هەموو ڕەهبەرانی عالەم
هاتنە جێگەی ئیقتیدای تۆ
قەت تەواو نابێ تەعریفت
(خلق" عظیم) ثەنای تۆ

* * *

نەرگس و سۆسەن و وەنەوشە
مەستی بۆنی بێهەوای تۆ
سەروی جۆباران ئەلەرزین
لە شەرمی شنەی باڵای تۆ
عاشقانی تۆ هەر زیندوون
تا ئەبەد لەبەر وەلای تۆ
چەن نیشانەی پێ نیشاندراین
هاتنی دەوری دنیای تۆ
سوپای ئەبرەهەی خەتابار
بوون بە سەرگەردی ئاڵای تۆ
چواردە تاقی قەسری کیسرا
کەوت لەبەر بەرقی باڵای تۆ

ئاگری فارس کوژاوه
بە سەیلی وەشتی صەفای تۆ
ئاوی ساوه بە عەرزا ڕۆچوو
یا نێ ڕۆ ئەچن ئەعدای تۆ
بت لە بەیتا سەرنگوون بوو
بە هەوای بای ئیهتیدای تۆ

* * *

صاحیبا سەیدا مەولانا
بۆ هەموو عالەم مەولای تۆ
ئەم جیهانە چای ظوڵماتە
گەر نەبێ نووری چرای تۆ
ڕۆژی تاڵی قەهری باری
دێنە لای تۆ ماسیوای تۆ
دێتە سوجدەی عەرزی تەعظیم
بۆ تکای ئەهلی پەنای تۆ
چاو هەڵێنە بە لوطفو ئیحسان
بۆ بریندارى سەودای تۆ
بەڵکو ڕزگار بین لە مەینەت
بە فەیضی نووری سیمای تۆ

* * *

ڕەببی بینێرە صەلاوات
بۆ حەبیبی خۆش لیقای تۆ
ئەحمەدو ئەسعەدو محمد
موجتەبایەو موصطەفای تۆ

هەم لەبۆ ئالو یارانو
ڕێڕەوی ڕێی ئیهتیدای تۆ
تا نەسیمی سەحەر لە کۆسار
بێتە سەر سەبزەی چیای تۆ
تا دڵی پاکی یاری دڵدار
(نامی)یە بەصەفای هەوای تۆ

ئامینە ئـەفەرمـویت چەنـد مـانگیك لـەپیش پەیدابوونی حەزرەتدا (صلى الله عليه وسلم) باوکی رویشتبوو بو سەفەری بازرگانی بو شام وە لەریگەدا وەفاتی کرد ، وە ئیمە لە چاودیریی (عبدالمطلب)ی باپیریدا بووین ، ئەویش لە شەوی پەیدابوونـــی حەزرەتدا لەگەل دەستەی دوستو ئەولادو خزمانیـا رویشتبوو بو حەرەمی (بیت‌الله) بو ئەوەی هەنـــدی شوینی رووخابوو ، چاکی بکاتەوە ٠ منیش لەوکاتەدا لەبەر بی کەسیی خوم دلم پەریشان بوو ، بـــــەلام بەلوطفی خودای تەعالا لەوکاتی عاجزی‌یەدا وەزعیکی خوش‌و شادی‌یەکی زورم کەوتە دلەوە ، وە دنیـــام لەپیش چاودا دەرکەوت، حەتاوەکو قەصرو خانوەکانی شاری بوصرام ئەدی لە ولاتی شام ، وە چاوم کەوت بە سیە ئالایي یەکیکیان لە خـورهەلاتی مەککـــە ، وە یەکیکیـــان لە خورنشینی مەککـــە ، ئەویشـــیان لەسەربانی (كعبة الله) هەلکرابوون٠ یەعنی حەزرەتی پیغەمبەری رەهبەر لە شاری مەککەدا پەیدا ئـەبی ، وە ئالای دینی ئیسلام بەرز ئەکاتەوە لە شاری مەککە،

بەلام بە هیزی دینەکەی خورهەلاتو خور نشینی عالەم روشن ئەکاتەوە ·

وە ئەی‌فەرموو تیپ‌تیپ فریشتەم ئەکەوتە پیش‌چاو کە لەئاسمانەوە ئەهاتنە خوار بو زەوی وە دەوروبەری مالی کەعبەیان داگرتبوو · یەعنی فریشتەی ئاسمان بە فەرمانی خودای میهرەبان حازربوون بو پیشوازی کردن لە حەزرەتی (محمد المصطفی صلی الله علیه وسلم) · وە ئەی‌فەرموو هەر لەوکاتانەدا نووریکی زور کەوتە دلمەوەو پیغەمبەری نازداری شیرین کردەوەو رەفتار بە قودوومی پیروزی خوی رووی دنیای موبارەك کرد (علیه الفصلاة وتحیة وسلام) ·

* * *

بەلوطفی خودا لی‌بوومەوە لە نووسینی ئەم کتیبە بچکولە لە شەوی دووشەممەی یەکەمی مانگی (ذی القعده)ی سالی ۱۳۸۰ی هیجری ، ریکەوتی سالی ۱۹٦۱ی میلادی لە مزگەوتی حەزرەتی عبدالقادری گەیلانی (قدس‌سره) لە شاری بەغدا ·

میعراج نامه

بسم الله الرحمن الرحيم

سبحان الذی اسری بعبده لیلا من المسجد الحرام الی المسجد الاقصی الذی بارکنا حوله لنریه من آیاتنا ، انه هو السمیع البصیر • والحمد لله وسلام علی عباده الذین اصطفی وعلی آلهم وصحبهم واتباعهم بقـــدر فیوضات الله تعالی علی احبابه وانشراح صور صدورهم وابتهاجهم انه علی کل شیئ قدیر •

لەپاش ئەناو ستایشی پەروەردگار ، وە درووودی پیغەمبەری نازدار • بزانن خوای تەعالا ئادەمیـزادی گەورە کردووە بەسەر هەموو گیانلەبەرانا بەهـوی عەقلو هوشەوە، وە عەقلی کردووە بەهوی چارەکردنی هەموو دەردو ئازاری ، وە بە پایەی بەرزي بو هەموو هوشیاری •

لای هۆشیارانە هەر بیرێ پاکە
هەر کردەوەیەك پەسەندو چاکە
لەسەر بناغەی بیرو باوەڕە
خۆشيی ئەم دنیا هەتا ڕوو ناکە

وە یەکەم سوودیك کە لە عـــەقلەوە پەیدا ببـی ئەمەیە هەر شـــتی خاوەنسـوود بی بەقـــەدەر سـوودەکەی خزمەت بکریت ، وە باشترینی سـوود ئەوەیە کە لە ئاموژگاریی رەهبەرانی جیهانەوە بـە

ئادەمیزاد گەیشـــتوە بو وەرگرتنی ســـەعادەت‌و سەربەرزی بەتایبەتی حەزرەتی فەخری عالەم (محمد المصطفی صلی الله علیه وســـلم) کە لە ئاســـمانی مەعریفەت‌و شـــوعوورا وەکو روژی درەخشـــندە ئەدرەوشـــیتەوە ، وە بەهوی ئامـــوژگاری‌یـــە بەرزەکانیەوە پرتەوی سەرئـــەفرازی بـــەدنیادا ئەبەخشیتەوە ۰

ئەم ذاتە خاوەن پایەی سەربیساتە دین‌و دنیـای بەشەری روون کردوەتەوە ، وە دەستووری ژیانـــی دنیاو سەربەرزیی پاشـــەروژی بریار داوە ، وە فەرمانی داوە بو ژیان تی‌بکوشین بەقـــەدەرحال ، وە بو خوشیی پاشەروژ تەقالا بدەین بە دریژایی سال۰

ئەم ذاتە یەکەم دەلیلە بو ریگەی حەقیقـەت ، وە یەکەم پیشبەوایە بو زانایانی خاوەن مەعریفـەت ، وە تاقانە رەهنومای گـەورەی ئادەمیزادە بو ریگـــەی مەحەببەت‌و ئولفەت ۰ ئەو پیغەمبەرەی کە ڕەهبەری هەموو بەشەرە بو ناسینی پەروەردگاری عـالەم ، وە یەکەم وەسیلەیە بو رزگاربوونی بەشـــەر لە ئیش‌و ئـــەلەم ۰

پیویستە بو هەموو کـــەس بەگویرەی تـــواناو دەسترەس بو مەحەببەتی ئەم ذاتە عالی مەقامـــــە تی‌بکوشی ، وە تامی ئیخلاص‌و مەحەببەتی بە گیان‌و دل بنوشی ، وە لە هەموو موناسەبەو ریکەوتیکا یادی بکەن ، وە لە هەموو هەلکەوتیکـــا باسی بکـەن ، وە

میژووی ژیانی‌و بەسەرهاتووی جیهانی‌و موعجیـــزە بەرزەکانی‌و خوورەوشـــتە جوانەکـانی بگیرنـەوە ٠ ئەمجار بەراسیی‌و ئیخلاصی دل ریگەی ئەو بگرن ، وە رەوشتە بەرزەکانی‌و کردەوە پەسەندەکانی بە دل‌و ئەندام وەربگرن ، بو ئەوە بە دل‌گەرمی یاسای ئایینی ئەو بکەن بە رەهبەری ماوەی ژیان ، وە لەسەر شیوەی بیروباوەری پاکی‌و خوورەوشتی چاکی ئولفەت بگرن بە دل‌و بەگیان ٠

ئەم پیغەمبەرە سەردارە ، وە ئەم رەهبەرە نازدارە لە گەورە خانەدانی طائیفەی قورەیش ، وە لە نەتەوەی حەزرەتی ئیسماعیلی کوری حەزرەتـی ئیبراهیمـــی خەلیله ، وە لە تەئریخی پینج‌صەدو حەفتاویەکـــی میلادی‌یا ، لە بیستی مانگی نیسانی رومی ریکەوتـی دوانزەی (ربیع‌الاول) لە مەککە لەدایك‌بووەو پانایی ئەرزو ئاسمانی رووناك کردوەتەوە ، وە لە تەمەنـی چل سالیدا بە ئەمری خودا بوو بە پیغەمبەرو رەهبەرو دەلیل ، وە قورئانی بو هات‌و شاد بوو بە دیـــداری فریشتەی جەلیل حەزرەتی جبرەئیل ، وە بوو بـــە شوینی پرتەوگای قورئان ، وە بو هەموو پـــەری‌و ئادەمیزاد بوو بە رەهبەرو دەلیل ، وە لەپاش ئـەوە کە بوو بە پیغەمبەری خودا دەستی‌کرد بە بانگ‌کردن لە تیرەتیرەکانی ئینسان بو خوداناسین ، بو ئەخلاق‌و رەوشتی شیرین، بو کردەوەی چاك، بو وتاری پاك، بو میهرەبانی لەگەل خزم‌و خویشان ، بو دەرمان‌کردنی

زامی دڵریشان ، وه گه‌لی ئاده‌میزادی به‌ختیار بـــوی بوون به دلدارو فیداکار . وه له‌پاش یازده سال لــه ته‌مه‌نی په‌نجاویه‌ك سالیدا خه‌لات‌كرا به پایـــــــه‌ی میعراج ، وه له ته‌مه‌نی په‌نجاوسی سالیدا فه‌رمانی بو هات كه له شاری مه‌ككه‌وه كوچ بكا بو شاری مه‌دینه، وه له‌وكاته‌وه روژ به‌روژو حه‌فته به‌حه‌فته‌و ســـــال به‌سال ئایینی پیروزی ئیسلام ته‌كانی ئه‌داو پرته‌وی نووری ئه‌گه‌یشت به دیهات‌و شاراندا ، وه به ماوه‌ی یازده سال زوربه‌ی ولاتی حیجازو یه‌مه‌ن‌و ســـنووری ولاتی شام رووناك بوه‌وه به پرته‌وی دینی ئیسلام ، وه هه‌زاران مه‌ردی به‌قیمه‌ت‌و خاوه‌ن ئه‌همیــــــــه‌ت په‌یدابوون بو خزمه‌ت‌كردنی دین ، وه بوون به‌هــوی بلاوبوونه‌وه‌ی دینی ئیسلام له‌سه‌ر پانایی سه‌رزه‌مین، وه نامه‌ی پیروزی خوی گه‌یاند به پیاوه به‌رزه‌كانـــــی جیهان، وه بانگی كردن بو وه‌رگرتنی ئایینی ئیسلام‌و قه‌بوول‌كردنی ده‌ستووری قورئان له‌بو خاص‌و عام ، وه‌ك خوا فه‌رموویه‌تی (وما ارسلناك الا رحمة للعالمين)

ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری شیرین سوروشته
به شێوه به‌شه‌ر ، به دڵ فریشته
كلیلی ده‌رگای خه‌زێنه‌ی ئیحسان
وه‌سیله‌ی صه‌فا بۆ سینه‌ی ئینسان
به تۆ ده‌روازه‌ی ڕه‌حمه‌ت كراوه
خودا له به‌شه‌ر ئاوڕی داوه

بڕژێ بەسەرتا صەلاتو سەلام
بەقەد ژمارەی حرووفی کەلام

* * *

ئەی پێغەمبەری خۆشخوڵقو ڕەوشت
بۆ تۆ بوو هەوری ڕەحمەت کەوتە دەشت

ڕەهبەری ڕێگای گوڵزاری بەهەشت
پڕ بوو لە نیعمەت کێوو ساراو دەشت

بۆ تۆ بوو دەریای خەزانەی ئیحسان
کەوتە سەر شەپۆل بۆ پۆلی ئینسان

بڕژێ بەسەرتا صەلاتو سەلام
بۆ بەرزیی پایەی میللەتی ئیسلام

* * *

ئەی ڕەهنومای عام لەبۆ ڕێگەی ڕاس
بۆ خودا ناسین ، بۆ سەعیو ئیخلاص

بۆ ویجدانی پاك بۆ لە حەق پرسي
بۆ هیممەت بەرزیو لە کەس نەترسي

لەبۆ دڵسۆزیو هۆگریو ئولفەت
بۆ وەرگرتنی عیلمو مەعریفەت

بڕژێ بەسەرتا صەلاتو سەلام
پەیدەرپەی بەتاو تا قافی قیام

* * *

ئەی شارەهبەری دەستووری قورئان
بۆ تۆو بۆ ذەبیح هات قۆچی قوربان

ئەی دڵ ئەستووری مەیدانی ئازار
ئەییووبی میحنەت ، یۆسفی دڵدار

ئەتۆی ئامۆژگار بۆ داوێن پاکي
بۆ هیممەت بەرزي ، بۆ دڵ ڕووناکی

وەکوو بارانی نیسانی ئارام
بڕژێ بەسەرتا صەلات وسەلام

* * *

ئەی چرای تاکی ئەڕزو ئاسمان
مایەی ڕووناکيی دڵی موسوڵمان

بەتۆ گوڵغونچەی مەحەببەت پشکووت
دڵیٚدڵداران بۆ ڕەحمەت بزووت

شعوورو کەماڵ بەتۆوە دەرکەوت
گیانی حەقخوازان لە سزا سرەوت

حەق بەسەر بەتاڵ لەتوۆە سەرکەوت
بۆ ڕیٚی حەقناسي بە شادی ڕیٚکەوت

* * *

ئەی مایەی صەفا بۆ جەفا باران
ئەی مایەی شیفا بۆ دڵ‌بیماران
بەگیان پەروانەی شەمعی ڕوخسارت
بە دڵ بولبولی گوڵی دیدارت
سەروی (نامی)یە لە باغچەی شەوقا
سیرەت (جامی)یە لە بادەی زەوقا
تکای شەونمی فەیضی ئیحسانە
ڕجای بۆ جامی حەق‌پەرستانە
تا ئەڕژێ سەیلی صەلات‌و سەلام
لەخواوە بۆ تۆ (یاخیر الانام)

* * *

ئەم پێغەمبەرە سەروەرە لەکاتیکەوە هاتوەتە سەرزەوی هەموو شوینیکی بولەندو نەوی لە یومنی پیروزی ئەوبەشیکی وەرگرتووە ، وە بەقەدەر حالی خوی بو بەرزی سەرکەوتووە وە خویشی بەشیوەیەکی جوان ژیاوە ، وە هەر ئیشی کە پەست‌بووبی سەری لی‌نەداوە ، وە لەبەر هیمنی‌و شەرم‌و تەمکین مەشهوور بووە بە (محمدی‌امین) ٠ وە لەپاش ئەوە کە بوو بە پیغەمبەر ئەوەندە موعجیزەو کەرامەتی بووە نایەنە حیساب ، وە پیویستی نووسینن بە چەند کیتاب ٠ یەکیك لەو موعجیزانەی ئەوەیە کە دوعای لە بارەگای خوادا قەبوول بووە ٠

(حذیفه) ریوایەت ئەکا ئەلی دوعای خیری بو هەرکەس کردووە ئەنجامی پیروزی ئەو دوعایە

تەئثیری لە نەتەوەی ئەو کەسەیشا دەرکەوتووە • لە (بخاری)دا ئەفەرمویت دایکی (انس کوری مالـــك) رویشتە خزمەتی حەزرەت عەرزی کرد (یارسول الله) دوعای خێر بکە بو ئەنەسی خزمەتکارت • ئـــەویش فەرمووی یارەببی مالو عومرو ئەولادی زوری بدەری، وە هەرچی پی ئەدەی دوور لە شەربیو خاوەن فەر بی • ئەنەس ئەفەرمویت لـــە یومنـــی ئەو دوعاوە خـــودا ئەوەندەی ئەولاد پیدام ئیســـتە نەتەوەم نزیکـــی کردوەتەوە لە صەدکەس ، وە ئەوەندەیش مالـــــی پیداوم لەناو یارانا یەکەم خوش گوزەرانم •

وە دوعای فەرموو لە بو (عبدالرحمن کوری عوف) کە خودا فەرو بەرەکەتی پیبدا ، ئەویش ئەوەنـــدە وەزعی خوشبوو کە گەلی موسولمانان بەهوی ئەوەوە دلشاد بوون وە خێرو خێراتیـــکی زوری کرد بـــــە موســـولمانان • (من جملـــــە) لەکاتیکـــی نەهاتـــا حەوتصەد وشتری بەبارەوە لە شامەوە هاتنەوە بو شاری مەدینە• ئەویش هەموو ئەو وشترانەی بەخشی بە داماوانی مەدینە •

وە لە نەخوشی کوچی دواییدا وەصیەتی کرد بـــە پەنجا هەزار دیناری ئالتوون بو موسولمانان ، وە کاتی کە میراتەکەی بەشکرایەوە چوار حەرەمی هەبـــوو یەکی هەشتا هەزار دینار ئالتوونیان بەرکەوت •

وە دوعای کرد بو (أبو قتادە) کە هەمیشە رەنگو روخساری جوان بی وە ئەعزای ئەندامی نەرمو نیـــان

بی • ئەم ذاتە لە تەمەنی حەفتا سالیدا وەفاتی کرد ، بەلام شیوەی مووی‌و شیرینیی رەنگ‌و روخساری لەگەنجیکی بیست سالانە ئەچوو •

وە دوعای فەرموو بو (عبداللّٰەی کوری عباس) بو زوریی عیلم‌و مەعریفەت ، وە ئەوذاتە لە زەمانی خویا بوو بە ئیمامی ئەو زەمانە ، وە وینەی لەزانستا نایاب بـوو •

وە جاریکیان لە غەزادا ئەصحابەکانی تینـوویان بوو حەزرەتی عومەر هاتە خزمەتی عـــەرزی کـــرد دوعایان بو بکا بارانی بباری • ئەویش دوعای کرد • ئەوەندەی پی نەچوو بارانیکی وەها باری کە هەموو بە ئارەزووی خویان ئاویان خواردەوەو پیویستیان نەما • ئەم ذاتە دوعا قەبوولە دوعای شەری نەئەکرد ، هەتا کاتی کە تائیفەی قورەیش عەزیەتیان ئەدا ، ئـــەم لەجیاتیی دوعای شەر دوعای بو ئەکردن کە خـــوا هیدایەتیان بدا ، وە ئەی‌فەرموو خوایە هیدایەتی ئەم قەومە بدە چونکە نەزانن • بەلی پینج کەس لە کافرانی قورەیش زور بەکینەو عەناد بوون ، وە گەلی خاوەنی ئازارو فەساد بوون حەزرەت دوعای شەری لی‌کردن • ئەمانە لە ماوەیەکی کەمدا یەکەیەکە هەریەکی بـــە دەردیکی کاری فەوتان •

بەتایبەتی دەستی موبارەکی بو ئازاری ئـــەندام‌و گیان بەوینەی دەرمانی لوقمان بوو • لە غەزایەکا درا لە چاوی (قتادەی کوری نعمان) وە چاوی کەوتە سەر

رووی • حەزرەت چاوەکەی نایەوە شوینی خـــوی‌و دەسی پیاهینا ، وە بەنەوعی ئەو چاوەی خوشەوە بوو کە لە جاری جاران باشتر شتی ئەبینی • وە جاریکیان کویریك پەنای پی‌هینا ، عەرزی کرد (یارسول اللّٰه) تکام بو بکە خوا ئەم چاوانەم چاك بکاتەوە • ئەویش فەرمووی برو دەس‌نویژی بگرە ، وە دوو رکات نویژ بکە، ئەمجار بپاریرەوە وە بلی یارەببی داوات لی‌ئەکەم، وە حورمـــەتی پیغەمبـــەر ئەکـــەم بە تکاکـــار بـــو چاك‌بوونەوەی چاوەکانم ، ئـــەویش بەودەســـــتوورە دوعای کردو خوای تەعالا زووبەزوو چاوەکـــانی چاك کردەوە •

وە حەزرەتی عەلی لە غەزای خەیبەرا چاوی ئەیەشا، حەزرەت بانگی کردو تفی دەمی خوی دا لە چاوەکانی ، وە زووبەزوو چاوەکانی خوشــــەوە بوون ، وە بـــو ســـــبەینــــی ئالای هـــەلگـــرت‌و کـــەوتە پیـــش ئەصحابەکانەوەو قەلای خەیبەری فەتح کرد •

ئەم‌ذاتە ئەوەندە خوشەویست بووە کە هەتا لـــە شتی بی‌گیانا نیشانەی دەرکەوتووە• ریوایەت‌کراوە حەزرەت (صلی‌اللّٰه علیه وسلم) لەکاتیکا لە مزگەوتا خوطبەی ئەخویندەوە ، پالی ئەدا بە کولەکەیەکەوە لە کولەکەکانی مزگەوت ، وە پاش‌ئەوەی مینبەری بـــو دروست‌کرا ئەو کولەکەیەی بەجی‌هیشت‌و رویشـــتە سەر مینبەر • جا لەم‌کاتەدا ئەو کولەکەیە کـــە پـــالی پیوەئەدا کەوتە نالین‌و فوغان‌و دەنگیکی وەها زویری

لی پەیدابوو گەلی لە ئەصحابەکان لە مزگەوتـــــا دەسنیان کرد بە گریان ، هەتا حەزرەت لە مینبەرەوە هاتە خوارەوەو باوەشی کرد بەو کولەکەدا ، ئەوسـا لە دەنگ کەوت ٠

(والحاصل) گەلی موعجیزەو کەرامەتی بەرزی لـی پەیدابووە وە گەلیجار لە بەرەکەتی ئەوەوە خواردنی کەم زور بووە، وە لەکاتی بی‌ئاوی‌یا دەستی خستوەتە ناو کاسەی ئاوەوە ، وە ئاو لە بـەینی پەنجەکانیەوە رەوان بوو هەتا هەموو ئەو کومەلی ئەصحابە ئاویان خواردوەتەوەو دەس نویژیان گرتووە ٠ گـەلیجـار گیان‌لەبەری بی‌زمان شکاتی حالی خویان لەلا عــەرز کردوە ، دار سەلامی لی کـردوە ٠ وە وردە بەرد لـــە دەستیا تەسبیحاتی خوای کردووە ٠

یەکیك لە موعجیزە گەورەکانی حەزرەت قورئانە کە پرە لە حیکمــەتو مەعریفەتو ئامـــوژگاریو نەصیحەت ٠ وە هـــەموو عالەم بانگ ئـــەکا بـــو دوورکەوتنەوە لە پەستي، بو عیبادەتو خواپەرستي٠ بو ئەوە کە خودا بە یەکی بزانن‌و هەموو ســـــودو زیانیکی خویان لەوەوە بناسن ، وە بو خزمەت کردنی دایك‌و باوك ، وە بو راستی‌ی موعامەلەو حیساب ،وە بو صیلەی رەحم‌و پیاوەتی کردن لەگەل خزمان ، وە بو پیاوەتی لەگەل دراوسی ، وە بو خاتر گرتنی غەریب‌و میوان ، وە بو دلسوزی‌و ساغی لەگەل موسولمانان ، بو ئیستیقامەت‌و راوەستان لەسەر دین‌و ئیمان ، بو

شەرمو حەیا لە ئینسانی بەحورمەتو پیر ، بو رەحمو میهرەبانی لەگەل داماوو ناتەواوو فەقیر ، بو دەستو داوین پاکی بو دل گوشادیو ناوچاو روونا کی ، بو پەیداکردنی عیلمو مەعریفەتی بەقیمەت ، بو گەورەیي نەفسو بولەندیی هیممەت ، بو پاراستنی نیشتمان ، بو ئەمنو ئاسایشی سامان ، بو حیلمو حەوسەلەو رەوشتی چاك ، بو وتاری راستو کردەوەی پاك ٠٠ وە بەکورتی دەستووری موکەررەمی قورئان ضامنە بو سەعادەتو سەربەرزیی ئینسان ٠

بیجگە لەم موعجیزانە پیغەمبەری رەهبەر خولقە گەورەکانی گەورەترن لە موعجیزەکانی ، وە بەراستی یەکیك تەماشای ئەخلاقی بەرزی بکا ، هەموو موعجیزەیەك لە خوار ئەوەوە ئەبینی ٠ ئەم ذاتە هیممەتیکی وەها بەرزی هەبوو ئەگەر بو دەلیل لەسەر گەورەیي خوا نەبوایە چاوی بەرز نەئەکردەوە بو ئەرزو ئاسمان ٠ ئەوەندە نەفسی بەعیزەت بوو بەلاچاوی نەیئەروانی بو خەزینەی رووی جیهان ٠ لە صەبرو خوراگرتنا ئەتوت بناغەی کیوانە ، لە عیلمو مەعریفەتا ئەتوت دەریای بیپایانە ٠ حەوسەلەی ئەوەندە زوربوو قەت لیل نەئەبوو ٠ فکری ئەوەندە دامەزراو بوو هەرگیز ویل نەئەبوو ٠ کەرەمو بەخششی ئەتوت بای وەشتە ٠ لە روونا کیی ناوچاوا ئەتوت گولزاری بەهەشتە ٠ وتاری وینەی شەکری شیرین بوو ٠ لە کردەوەی هیمنا فریشتەی ئەمین

بوو • له دڵئەستووریدا پاڵەوانی زەمان بوو • له بەرزیی وتارا ماموستای سەحبان بوو • له دەرسی حیکمەتا حەکیم لوقمان بوو • له عیصمەتو پاکیدا فریشتەی ئاسمان بوو • له قەناعەتو دڵرووناکیدا سەرداری زاهیدان بوو • له عەفوو چاوپوشینا تەفسیری رەحمەتی یەزدان بوو • له ساغیی ئیمانا ، له راستیی پەیمانا ، له بەرزیی رەفتارا ، له ریکیی وتارا ، له شیرینیی کردارا یەکەم نموونەی ئایەتی قورئان بوو •

(یارسول الله) گیانم بەفیدات
پێشکەشت ئەکەم سەلامو صەلات

بۆچی بگەرێم بۆ موعجیزاتت
تۆ خۆت موعجیزەی بە بەرزیی صیفات

کام وەصفت بێنم لەناو صیفاتا
بیکەم بە ئەساس بۆ وەصفو ثەنات

هەر صیفەتێکت تەماشای ئەکەم
وێنەی نایابە لە رووی کائینات

مەگەر بە خەیاڵ وێنەیێ دانێم
خەیاڵیش کۆڵە لەرێی کەمالات

شێوەی شیرینی روخساری پاکت
قەت وێنەی نەبوە لەرووی سەربسات

بۆیە یارانت کە تۆیان ئەوێ
ئەیانوت ڕۆژە لە بەرزا هەڵات

هەرکەسێ بە حەق تۆی ببینیایە
دەستی بەرئەبوو لە بەندی حەیات

بۆیە لە دووریت دڵی بولبولان
ئەهاتە نەغمەو سازو مەقامات

بە بیری دووریت ڕوخساری یاران
زەرد ئەبوو وێنەی خەستەی پڕ ئافات

نمی عارەقی خۆشبۆی ڕوخسارت
بە شەونم لەسەر پەڕەی بەهار هات

بۆنی هەر شوێنێ گوزەرگای تۆ بوو
بەوێنەی قوتووی عەتری لێ ئەهات

صەبرت باڵاتر لە صەبری ئەییووب
حیلمت لە یەحیای خاوەن کەرامات

ڕاستیی وتارت ، جوانیی ڕەفتارت
بەرزیی کردارت نایەوێ ئیثبات

وەفات بە عەهدو پەیمانی ساغت
چ کاتێ هاتو چ ساتێ نەهات

لە کێوی (طائف) بەرزو باڵاتر
دامەزراوتر بوو لە کەعبەی نەجات

عەفوت گەیشتە پایەیەکی وا
تەواوی ناکا نامەو تەحریرات

بۆیە تا دە جار بە قەصدی گیانت
بۆت دەرچوو عەدووی خاوەن خەیانات

یەك یەك ئەمانە لێیان ئەبووردي
پێت ئەدان بەرگی عەفوت بە خەڵات

دڵسۆزیت لەبۆ سووتاوانی داخ
پڕووزەت لەبۆ گیرۆدەی ئافات

گەرمی‌ی دەروونت بۆ چاری بێ‌کەس
خامۆش نەئەبوو بە ئاوی فورات

بۆ شێوەی شەرمی پەروەردەی دەرووت
ڕەوشتی نەرمت ئەبوو بە ئیسپات

صیلەی ڕەحمت بوو بۆ دڵسۆزیی دڵ
لەگەڵ عموومی خزمو ئەقرەبات

هەر لەگەڵ تۆدا دروست کرابوو
سیمای ڕوو ناكو دەستی پڕ سەخات

شەممەیێ دەرکەوت لەگەڵ شیمەدا
قیاسی ناکرێ عالەم بە ذەڕڕات

بێ‌دەنگ بم چاکە شەرحی خوڵقی تۆ
(خلق عظیم) تەفسیری ئەکات

نه بۆ ئادەمی ، نه بۆ فریشته
مه‌گه‌ر هه‌ر بۆ تۆ له‌خواوه هات
جیای له ئادەمیو په‌ریو فریشته
نه‌وعی فه‌ردێکی له (مجرّدات)
ئه‌وه‌نده هه‌یه مه‌خلووقی خودای
به‌وێنه‌ی باقی ئه‌جزای کائینات
پڕ بێ کائینات له سه‌لامی حه‌ق
برژی به‌سه‌رتا سه‌ر تا به پالات
سه‌رواز کا نمی سه‌لامی خودا
بگا به هه‌موو ئه‌جزای (نامی)ات

وه یه‌کی له موعجیزه گه‌وره‌کانی موعجیزه‌ی (اسراء)ه که بریتییه له‌وه له شه‌وی بیستو حه‌وتی ره‌جه‌بی سالی په‌نجاویه‌کی عومری موباره‌کیا له مزگه‌وتی (کعبة الله) وه له شاری مه‌ککه‌ی موکه‌رره‌مه‌وه ته‌شریفی رویشتوه تا مزگه‌وتی (بیت المقدس) له شاری قودس ، وه یه‌کی له موعجیزه‌کانی میعراجه که بریتییه له‌وه له مزگه‌وتی (بیت المقدس)ه‌وه له شاری قودس له‌گه‌ل حه‌زره‌تی جیبره‌ئیلا سه‌رکه‌وتووه هه‌تا له هه‌ر حه‌وت ئاسمانه‌کان ده‌رچووه ، وه گه‌یشتوه‌ته داری (سدرة المنتهی) وه له‌و شوینه‌یش به‌رز بوه‌ته‌وه وه که‌لامی خوای ته‌عالای بیستووه ، وه له عه‌ینی شه‌ودا

هاتوەتەوە بو سەر ئەرز وە بو شوینی خوی لە مەککەی موکەررەمەدا ٠

لە صەحیحی (مسلم)دا ریوایەت ئەکا لە (انس کوری مالك)خوای لی رازی بی کە حەزرەت(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی شەوی لە (حطیم)دا کە شوینیکە لە حەرەمی بەیتا لـەناو بەینی روکنو بیری زەمزەمو مەقامی ئیبراهیمدا سەلامی خوای لی بی ، وە لە بەینی خەوو بیداریدا بووم ، حەزرەتی جوبرەئیل هاتەلام ، وە فەرمووی خوای تەعالا سەلامت لی ئەکا وە ئەمـری کردووە پیم کە ئیمشەو لەمشوینەوە هەلتگـــرمو بتبەم بو مزگەوتی (بیت‌المقدس) لە شاری قودسدا ، وە لەوی‌یشەوە هەلتگرمو لە ئاسمانەکان بـــەرزت کەمەوە هەتا هەرشوینی خوا مەیلی هەیە ٠ بو ئـەوە گەلی لە عەجایباتی عالەم بە چاوی خـوت ببینیو زور لەمەی ئیستە هەیە زیاتر نیشانەی گەورەیي خـــوای تەعالا بیتە پیش‌چاوت ٠ ئەفەرموی منیش لەگەلیــا هەستامو لە (بیت‌الله) هاتمە دەرەوە تەماشام کــرد (بُراق) حازرە کە ولاغیکە بو سواري وە گەلی جوانو شیرینە ، وە سوار بوومو لەگەل حەزرەتی جوبرەئیلا بەرەو (بیت المقدس) کەوتینە ریگە ٠ کە گەیشـــتمە (بیت‌المقــــدس) لە بوراق دابەزیمو رویشتینـــــە مزگەوتەوە ، وە دوو رکات نویژم کرد ٠

وە لە ریوایەتی(ابوهريرة)دا ئەفەرمویت کـــە گەیشتمە مزگـەوتی (بیت‌المقدس) کومەلیکم لـــــە

پیغەمبەران چاو پی کەوت ، وە لەویا بووم بە ئیمـــام بویانو دوو رکات نویژم بە ئیمامەت کرد بویان ، وە ئەو پیغەمبەرانە حەزرەتی (ابراهیـــم)و (موسی)و (عیسی)و (داود)و (سلیمان) بوون ، وە ئەم ذاتانە هەر یەکیکیان بە نەوعیك حەمدو ثەنای خوایان کرد ، وە منیش وتم ئیوە هەمووتان ثەنای خواتان کرد ، با منیش ثەنای خودا بکەم ٠ حەمدو ثەنا بو ئەو خودایە کە منی کردوە بە پیغەمبەر وە ناردوومی بە رەهبەر بو هەموو ئادەمیزاد ، بە موژدەدەر بو ئەوانـــــەی ئیطاعەی خوا ئەکەن ، وە بە ترسینەر بو ئەوانەی کە بی‌فەرمانيی ئەو ئەکەن ، وە قورئانی نازل کـــردووە بوم کە بەیانی هەموو ئادابیکی تیایە ، وە ئوممەتـــی کردووم بە چاکترین ئوممەتانی پیغەمبـــەران ، وە ئوممەتی منی کـــردووە بە دادریزی ئوممـــەتـــی پیغەمبەران لە دنیادا ، وە پیشکەوتوو لە هەمـــوو ئوممەتەکان لە قیامەتدا ، وە سینەی گوشاد کردووم بە یومنی بەرەکەتی خوی ، وە هەر نارەحەتيو ئازارو بیزارییەك لە دلما بووە لای‌بـــرد ، وە ناوی بـــەرز کردوومەتەوە ، وە کردوومی بەو کەسەی کە خاتەمو ئاخری پیغەمبەرانە ، وە بەر لە هەموویان دەرگـــای بەهەشت ئەکاتەوە ، لەویا حەزرەتی ئیبراهیـــــم فەرمووی خوا بەم صیفەتانە کـــە وتت بـــەرزی کردوویتەوە بەسەر پیغەمبەرانا ٠

ڕەببی لە عەرشی وەفا ، برژێنە سەیلی صەفا
بۆ سەر دڵی مصطفی حەزرەتی (خیر البشر)

ڕەهبەری دوور لە هەوا سەروەری گشت (ماسوی)
ئەو فەضڵە هەبوە لەوا نابێ مەگەر بە قەدەر

ئەو ڕەهبەری عالەمە ، نووری دڵی ئادەمە
کە فاتیحو خاتەمە بۆ فەیضی خێرو ثەمەر

بۆ شانو بۆ شەوکەتی ، بۆ قەدرو بۆ حورمەتی
وەکو لەلای ئوممەتی لەلای مەلایك لەسەر

هات جوبرەئیل لای خودا بۆلای (نبي الهدی)
موژدەی عورووجی ئەدا بۆ مەرتەبەی مونتەظەر

هێنای بوراقی وەفا ، تا حەزرەتی مصطفی
بۆ قودسی پڕ لە صەفا کەوتە جەناحی سەفەر

جەمبوون لەوێ سەروەران ، ئەقطابی پێغەمبەران
تا سەروەری ڕەهبەران بگاتە جێی بێخەتەر

کاتی قودوومی نەبی گەیشتە قودسی ئەبی
بۆ مەرتەبەی ئەدەبي لە فەضڵی (خیر البشر)

صار امام الهدی والرسل في الاقتداء
من شرف قد بدا عقل الوری انبهر

بەه بەه لە ئیحسانی تۆ قودسی بەشانو شکۆ
بە گەردی ئەقدامی تۆ شادبوو بە دڵ بە بەصەر

جا بەوەفای لایقی   کەوتە ئەنای خالقی
بە مەرتەبەی فائیقی کەوتە ئەدا بێحەذەر

تا بە صەفای مەعنەوی لەگەڵ فریشتەی قەوي
سەرکەوت‌لەڕووی سەرزەوی‌بۆ عەرشی‌ئیحسان‌و فەڕ

جا بروینەوە سەر ریوایەتی (انس بن مالك) ٠ ئەفەرمویت حەزرەتی (خیرالبشر صلی‌اللّه‌علیه وسلم) فەرمووی پاش ئەوان لە مزگەوتی قودسی موبارەك هاتینە دەرەوە ، بەرز کراینەوە بو ئاسمان ٠ کاتی کە گەیشتینە ئاسمانی یەکەم گەیشتین بە حەزرەتی ئادەم ، ئەویش بەخیرهاتنی لی کردین ، وە لە هەر حەوت ئاسمانەکان سەرکەوتین ٠ لە ئاسمانی یەکەما گەیشتینە خزمەتی حەزرەتی ئادەم ، وە لە ئاسمانی دووەما بە حەزرەتی عیسای کوری مەریەم‌و حەزرەتی یەحیای کوری زکریا ، وە لە ئاسمانی سیهەما بە حەزرەتی یوسف ، وە لە ئاسمانی چوارەما بە حەزرەتی ادریس ، وە لە ئاسمانی پینجەما بە حەزرەتی هارون ، وە لە ئاسمانی شەشەما بە حەزرەتی موسی ، وە لە ئاسمانی حەوتەما بە حەزرەتی ابراهیم سەلامی خوایان لی‌بی ، وە هەرکام لەم پیغەمبەرانە بەشیوەیەك بەخیرهاتنیان لی‌ئەکردین ، ئەمجار گەیشتین بە داری (سدرة المنتهی) وە ئەوەندە مەلائیکە دەوریان دابوو مەگەر خودا ژمارەیان بزانی ، وە ئەم مەلائیکەتانە هەموو ئیستیقبال‌و پیشوازی‌یان لی‌کردین ٠

حەزرەت (صلى‌اللّه‌عليه‌وسلم) ئەفەرموی خـوای تەعالا گفتوگوی لەگەل کردم ، وە ئەوەی کە ویسـتی تیی گەیاندم ، وە لە هەموو شەوو روژیکا پەنجـا فەرض نویژی فەرض کرد لەسەر خوم‌و ئوممەتـم . کاتی گەرامەوە لە ئاسمان گـەیشتمەوە بە حەزرەتی موسا ، فەرمووی خوای تەعالا چی فەرزکرد لەسـەر ئوممەتت ؟ منیش وتم پەنجا فەرز لە هەموو شـەوو روژیکا . ئەویش فـەرمووی دەخیلە من ئەحـوالی ئادەمیزادم بەراورد کردوە ، ئەم واجباتە بەجی‌نایەنن، بگەریرەوە بو خزمەتی خوا ، رجای سووك‌کردنی ئەم نویژانەی لی‌بکە . منیش گەرامەوە خوای تەعالا پینج فەرزی لی کەم‌کردنەوە . دووبارە گەیشتمەوە بـە حەزرەتی موسی ، وە قسەکەی پیشوومان لەبەینـا رابووردەوەو گەرامەوە بو حوضووری خودا . تـا چەندجار لەسەر ئیشـارەتی حەزرەتی مووسـا رویشتمەوە بو حوضووری خوداو تکای سووك‌کردنی ئەو فەرزانەم لی‌کرد ، تا خودا کردنی بە پینج فەرز لە هەموو شەوو روژیکا ، وە فەرمووی ئیتر لەمە زیاتر کەمیان ناکەمەوە ، وە یەکیك ئەم پینج فەرزە بەساغی بەجی‌بهینی بەقەدری پەنجا فەرزەکە خیرو ثەوابـی پی ئەگات . وە هەم فەرمووی ئەگەر کەسی لە ئوممەتی تـو عەزمی ئەوەی هەبی ئیشـیکی چاکە بکـاو بوی ری‌نەکەوی بیکا بوی ئەنووسم بە خیریکی تەواو ، وە ئەگەر بەجی‌ی هینا بـوی ئەنووسـم بە دە خیر ، وە

ئەگەر یەكێك عەزمی شەری كردو بەجیی نەهێنا لەسەری نانووسم ، وە ئەگەر كردی بە تاقە گوناهێك لەسەری ئەنووسم · پاشان هاتمەوە بولای حەزرەتی مووساو ئەم باسەم بو گیرایەوە · ئەمجارەیش هەر فەرمووی بگەریرەوە بولای خوای تەعالاو تكای لی بكە ئەم پێنج فەرزەیش سووك بكا · منیش وتم ئەوەندەم تكا لە خزمەتیا كردووە ئیتر شەرم ئەكەم و ناتوانم بگەریمەوە بو خزمەتی · وە لە ریوایەتی (ابوذری غفاری)دا ئەفەرمویت : حەزرەت (صلی‌اللەعلیەوسلم) فەرمووی لەوشەوەدا كە شەوی میعراج بوو حەزرەتی جیبرەئیل هاتەلام و سینەی كردمەوەو بە ئاوی زەمزەم شوردی ، وە پری كرد لە نووری ئیمان و حیكمەت و مەعریفەت ، وە سینەی دامەوە بەیەكا ·

وە لە ریوایەتیكا ئەفەرمویت كە گەیشتم بە حەزرەتی ئادەم چاوم پی كەوت لای ئەكردەوە بەلای راست و چەپدا ، كاتی بەلای راستا لای ئەكردەوە كەیفخوش ئەبوو ، وە كاتی كە لای ئەكردەوە بەلای چەپدا زویر و غەمبار ئەبوو · منیش لە جیبرەئیلم پرسی سەبەبی ئەمە چی یە؟ ئەویش فەرمووی ئەرواحی مردوانی ئەولادی بەرز ئەكرینەوە بولای · ئەوانەیان كە ئەهلی سەعادەتن بەلای راستا تی یان ئەپەرینن ، كاتی كە حەزرەتی ئادەم ئەیان بینی دلشاد ئەبی · وە ئەرواحی ئەوانەیان كە بەدكردارو ئەهلی شەقاوەتن

بەلای چەپا تی‌یان ئەپەرینن ، کە لائەکاتەوە بەلایانـا عاجزو زویر ئەبی ٠

وە ریوایەت‌کراوە حەزرەت فەرموویەتی لە شەوی میعراجا کومەلی ئادەمیزادم دی نینوکیان وەکوو مسی سوورەوە بوو وابوو ، وە بەو نینوکانە رووی خویان هەل‌ئەکەندو برینداریان ئەکرد٠ منیش پرسیارم‌کرد لە حەزرەتی جیبرەئیل ئەمانە چین ؟ فەرمووی ئەمانە لەوکەسانەن کە لەدنیادا غەیبەتی موسولمانان ئەکەن وە تعرّض ئەکەن بە حورمەت‌و نامووسی خەلـــك ٠ ئیستە بەم‌تەرزە ئەبی بەدەستی خویان گوشـــتی روخساری خویان بریندار بکەن ٠

وە ریوایەت کراوە کە حەزرەت (صلی‌الله‌علیـــە وسلم) گەیشتە (سدرة المنتهی) لەویا حەزرەتـــی جوبرەئیل راوەستاو عەرزی حەزرەتی کرد من لەمـە زیاتر ناتوانم سەرکەوم ، وە لەمە زیاتر پایەم نی‌یە، وە لەوە بەرەوژوور حەزرەت سواری (رەفرەف) بوو کە بریتی‌یە لە شتی بەوینەی فەرش کە حـــەزرەت لەسەری دانیشتووەو بەهیزی قودرەتی خودا بـەرز بووەتەوە تا ئەو شوینەی کە خوای تەعالا ئارەزووی بووە بەرزی بکاتەوە ، وە بە بی‌واسیطەی جوبرەئیل بە نەفسی خوی کەلامی خودای بیستـووەو قســەی کردووە لە حوضووری خوادا ٠

یارەببی هەتا بەحری کەرەم ماوە لەبەریا
بارانی سەلامت بە خورەم برژێ بەسەریا

ئەی شاهی جیهان ، سیرڕی نیهان عالەمی دنیا
بۆ تۆ بو خودا بوونی بە حەق کردوە بەبەریا

ئەی شەمسی عەیان ، فەجری بەیان ، نووری حەقیقەت
تۆی حیکمەتی دەرسی ئەدەبی (علّم الاسما)

ئەی عارفی ئەسراری صەفای وەحیي خوداوەند
عالەم هەموو یەك قەترەوو تۆ (لجّە)یي دەریا

صەفحەی دڵی تۆ نوسخەیە بۆ دەفتەرەکەی لەوح
سینەت وەرەقە بۆ ڕەقەمی قیمەتی ئەشیا

ئەو ویسعەتە خوا داویە بە سینەو دڵی ئێوە
حیکمەت ئەوەبوو وەربگرێ نووری تەجەللا

جێی صوورەتەکەت قودسە لەگەڵ (یثرب) و (بطحا)
جێی سیرەتەکەت (سدرە)یە یا عەرشی (معلاّ)

پەروازی نی‌یە باڵی ئەمین بۆیە لەڕێدا
دواکەوتووە لای سیدرەوە سەرکەوتی بەتەنیا

پابۆسی سەمەندت بو فریشتە بە دەمو دڵ
ئەوکاتە کە ڕێتکەوتە دەری عالەمی عەلیا

تا وەربگرێ بۆنی عەبیری ئەتۆ فیردەوس
(رضوان) کەمەری بەستووە وەك خادیمی دەریا

موشتاقی لەقای دیتنی ڕوخساری ئەتۆ بوون
صەف بەستە مەلائیك لە سەماو عەرشی (معلاّ)

کەوتۆتە بەری نالّی سەمەندت وەکو بزمار
چەن ئەختەری خۆش مەنظەری وەك نەجمی (ثریّا)

ئەی کاشیفی کافی کەرەمو هائی هیدایەت
ئەی داعی بە یای حەرفی نیدا عاقلّی وریا

ئەو پایە لە بۆ تۆیە نی‌یە وێنە لەبۆ ئەو
ئەو مایە لەبۆ تۆیە نی‌یە نەوعی لە دنیا

ئیسباتی ئەکا مەنطیقی بێزاری دلّی تۆ
لەم دەوروبەرەو مەیلی لەبۆ هیممەتی عولیا

لوقمانی دڵو مەرهەمی داخی جگەری دۆست
تۆزی بەری پێت سورمەیە بۆ دیدەیي بینا

دەستت بە مەثەل داروەوە بۆ زامی دلّی من
بەستەی کەرەمی تۆیە دەسێ بێنی بەسەریا

یەك نیمە نیگات کافی‌یە بۆ نەشئەیي (نامی)
یەك دەفعە نە چەند دەفعە دەسا دەرخە (محیّا)

(علی کوری برهانی حەلەبی) لەسیرەتەکەیـــــا ئەفەرمویت حەزرەت (صلی‌اللّٰه‌علیه‌وسلم) فەرموویەتی لە عەینی شەوی میعراجا لەگەل حەزرەتی جیبرەئیلا بەسواری بوراقەوە هاتمە خوارەوە بۆ جێگەی خۆم لە (مکەی مکرمە)دا وە نویژی سبەینیم کرد لەگەلیا ، وە رویشتم بولای پوورم (ام هانی) باسی ئەو (اسراء)و میعراجەم بو گیرایەوە ، وە پییشموت ئەمەوی بروم بولای قورەیشی‌یــەکان تا ئەم واقیعـــەیەیان بـــو

بگیرمەوە ، ئەویش گەلی رجای کرد نەروم بو لایان نەوەك ئازارم بدەن ، بەلام من گویم نەدایەو رویشتم بو ناو کومەلیکیان لەبەینی دەروازەی بەیتو (حجر الاسود)دا وەباسی (اسراء)و میعراجەکەم بو گیرانەوە ۰ کە باسەکەم گیرایەوە دەستیان کرد بە ئینکار کردن ، وە تا ئەوان زورتر باوەر نەکردنی خویان دەرئەبری حەزرەتی (ابو بکر) خوای لی رازی بی زورتر ئیمانو باوەری خوی دەرئەخستو بە قورەیشي یەکانی ئەفەرموو ئیوە بی‌هوش‌و نەفامن قودرەتو توانای خوا گەلی لەمە زیاترە ، وە ئەم نەوعە کارەساتە لەلای ئەو ئاسانە ۰

(مطعم کوری‌عدی) کە لەناو قورەیشی‌یەکانا بوو، وتی مادەم تو رویشتووی بو قودس ، ناو نیشانی مزگەوتی (بیت‌المقدس) بگیرەرەوە بومان ۰ منیش لەوکاتا لەبەرئەوە بەشەوا رویشتبووم وە سەرنجی شوینەکانم نەدابوو ، ویستم دابمینم ۰ لەناکاو جوبرەئیل دەرکەوت ۰ کاتی روانیم بو جیبرەئیل لە تەنشتی ئەوەوە مزگەوتی (بیت‌المقدس) دەرکەوت بوم وە هەموو ئەو شوینانە کە پرسیاریان کردبوو لیم یەکەیەکە لەپیش‌چاوما ئاشکرابوون‌و ناوو نیشانەکانم بو (مطعم) بەیان کرد ۰

هەروا بەعزیکی‌تر لە قورەیشی‌یەکان لی‌یان پرسیم کەوا قافلەیەکیان رویشتووە بو قودس ، وە مادەم تو رویشتووی بو ئەوی ئەبی پی‌ی گەیشتبی‌و پیویستە

بەلای چەپا تی‌یان ئەپەرینن ، کە لائەکاتەوە بەلایانا عاجزو زویر ئەبی ٠

وە ریوایەت کراوە حەزرەت فەرموویەتی لە شەوی میعراجا کومەلی ئادەمیزادم دی نینوکیان وەکوو مسی سوورەوە بوو وابوو ، وە بەو نینوکانە رووی خویان هەل‌ئەکەندو برینداریان ئەکرد٠ منیش پرسیارم کرد لە حەزرەتی جیبرەئیل ئەمانە چین ؟ فەرمووی ئەمانە لەوکەسانەن کە لەدنیادا غەیبەتی موسولمانان ئەکەن وە تعرّض ئەکەن بە حورمەت‌و ناموسی خەلک ٠ ئیستە بەم‌تەرزە ئەبی بەدەستی خویان گوشتی روخساری خویان بریندار بکەن ٠

وە ریوایەت کراوە کە حەزرەت (صلی‌الله‌علیه وسلم) گەیشتە (سدرة المنتهی) لەویا حەزرەتی جوبرەئیل راوەستاو عەرزی حەزرەتی کرد من لەمە زیاتر ناتوانم سەرکەوم ، وە لەمە زیاتر پایەم نی‌یە، وە لەوە بەرەوژوور حەزرەت سواری (رەفرەف) بوو کە بریتی‌یە لە شتی بەوینەی فەرش کە حەزرەت لەسەری دانیشتووەو بەهیزی قودرەتی خودا بەرز بووەتەوە تا ئەو شوینەی کە خوای تەعالا ئارەزووی بووە بەرزی بکاتەوە ، وە بە بی‌واسیطەی جوبرەئیل بە نەفسی خوی کەلامی خودای بیستووەو قسەی کردووە لە حوضووری خوادا ٠

یارەببی هەتا بەحری کەرەم ماوە لەبەریا
بارانی سەلامت بە خوڕەم برژێ بەسەریا

ئەی شاهی جیهان ، سیرڕی نیهان عالەمی دنیا
بۆ تۆ بو خودا بوونی بە حەق کردوە بەبەریا

ئەی شەمسی عەیان ، فەجری بەیان ، نووری حەقیقەت
تۆی حیکمەتی دەرسی ئەدەبی (علّم الاسما)

ئەی عارفی ئەسراری صەفای وەحیي خوداوەند
عالەم هەموو یەك قەترەوو تۆ (لجّە)یي دەریا

صەفحەی دڵی تۆ نوسخەیە بۆ دەفتەرەکەی لەوح
سینەت وەرەقە بۆ ڕەقەمی قیمەتی ئەشیا

ئەو ویسعەتە خوا داویە بە سینەو دڵی ئێوە
حیکمەت ئەوەبوو وەربگرێ نووری تەجەللا

جێی صوورەتەکەت قودسە لەگەڵ (یثرب) و (بطحا)
جێی سیرەتەکەت (سدرە)یە یا عەرشی (معلاّ)

پەروازی نی‌یە باڵی ئەمین بۆیە لەڕێدا
دواکەوتووە لای سیدرەوە سەرکەوتی بەتەنیا

پابۆسی سەمەندت بو فریشتە بە دەمو دڵ
ئەوکاتە کە ڕێتکەوتە دەری عالەمی عەلیا

تا وەربگرێ بۆنی عەبیری ئەتۆ فیردەوس
(رضوان) کەمەری بەستووە وەك خادیمی دەریا

موشتاقی لەقای دیتنی ڕوخساری ئەتۆ بوون
صەف بەستە مەلائیك لە سەماو عەرشی (معلاّ)

کەوتۆتە بەری نالی سەمەندت وەکو بزمار
چەن ئەختەری خۆش مەنظەری وەك نەجمی (ثریّا)

ئەی کاشیفی کافی کەرەمو هائی هیدایەت
ئەی داعی بە یای حەرفی نیدا عاقڵی وریا

ئەو پایە لە بۆ تۆیە نی‌یە وێنە لەبۆ ئەو
ئەو مایە لەبۆ تۆیە نی‌یە نەوعی لە دنیا

ئیسباتی ئەکا مەنطیقی بێزاری دڵی تۆ
لەم دەوروبەرەو مەیلی لەبۆ هیممەتی عولیا

لوقمانی دڵو مەرهەمی داخی جگەری دۆست
تۆزی بەری پێت سورمەیە بۆ دیدەیي بینا

دەستت بە مەثەل داروە بۆ زامی دڵی من
بەستەی کەرەمی تۆیە دەسێ بێنی بەسەریا

یەك نیمە نیگات کافی‌یە بۆ نەشئەیي (نامی)
یەك دەفعە نە چەند دەفعە دەسا دەرخە (محیّا)

(علی کوری برهانی حەلەبی) لەسیرەتەکەیـــــا ئەفەرمویت حەزرەت (صلی‌اللهعلیەوسلم) فەرموویەتی لە عەینی شەوی میعراجا لەگەل حەزرەتی جیبرەئیلا بەسواری بوراقەوە هاتمە خوارەوە بۆ جێگەی خۆم لە (مکەی مکرمە)دا وە نویژی سبەینیم کرد لەگەلیا ، وە رویشتم بولای پوورم (ام هانی) باسی ئەو (اسراء)و میعراجەم بو گیرایەوە ، وە پییشموت ئەمەوی بروم بولای قورەیشی‌یــەکان تا ئەم واقیعـــەیەیان بـــو

بگیرمەوە ، ئەویش گەلی رجای کرد نەروم بو لایان نەوەك ئازارم بدەن ، بەلام من گویم نەدایەو رویشتم بو ناو کومەلیکیان لەبەینی دەروازەی بەیتو (حجر الاسود)دا وەباسی (اسراء)و میعراجەکەم بو گیرانەوە · کە باسەکەم گیرایەوە دەستیان کرد بە ئینکار کردن ، وە تا ئەوان زورتر باوەر نەکردنی خویان دەرئەبری حەزرەتی (ابو بکر) خوای لی رازی بی زورتر ئیمانو باوەری خوی دەرئەخستو بە قورەیشی یەکانی ئەفەرموو ئیوە بیهوشو نەفامن قودرەتو تواناى خوا گەلی لەمە زیاترە ، وە ئەم نەوعە کارەساتە لەلای ئەو ئاسانە ·

(مطعم کوری عدی) کە لەناو قورەیشی یەکانا بوو ، وتی مادەم تو رویشتووی بو قودس ، ناو نیشانی مزگەوتی (بیت المقدس) بگیرەرەوە بومان · منیش لەوکاتا لەبەرئەوە بەشەوا رویشتبووم وە سەرنجی شوینەکانم نەدابوو ، ویستم دابمینم · لەناکاو جوبرەئیل دەرکەوت · کاتی روانیم بو جیبرەئیل لە تەنشتی ئەوەوە مزگەوتی (بیت المقدس) دەرکەوت بوم وە هەموو ئەو شوینانە کە پرسیاریان کردبوو لیم یەکەیەکە لەپیش چاوما ئاشکرابوونو ناوو نیشانەکانم بو (مطعم) بەیان کرد ·

هەروا بەعزیکی تر لە قورەیشی یەکان لی یان پرسیم کەوا قافلەیەکیان رویشتووە بو قودس ، وە مادەم تو رویشتووی بو ئەوی ئەبی پی ی گەیشتبی و پیویستە

نیشانەی قافلەکەمان بو باس‌بکەی • منیش وتم ئەو قافلەیە لە فلان شوینا بەلایانا رابووردمو شەربەیەك ئاویان دانابوو ، وە خویان نووستبوون • منیش لەو شەربەیە ئاوم خواردەوە • وە قافلەکە ئیستە گەیشتوەتە فلان شوین ، وە وشتریکی وەها لەپیشیانەوەیەو بەم‌نزیکانە ئەگەنە بەرەوە ، وە ئەو وشترە دوو خەراری لەسەرپشتە ، رەنگی یەکیکیان سپی‌ی رووتە ، وە ئەویان سپی‌و رەشە • کە ئەم بەیانەم کرد خاوەن قافلەکە رویشت بەپیری قافلەکەوە ، بەو نەوعە کە بوی بەیان‌کرا چاوی بە قافلەکە کەوت‌و قافلەکە گەرایەوە بو (مکەی مکرمە) • ریوایەت کراوە ئەوشەوە کە حەزرەت (صلی‌الله علیه وسلم) لە میعراج هاتەوە بو سبەینی کاتی نیوەرو گەلی لە ئەصحابەکانی کوکردەوە ، وە حەزرەتی جیبریل هاتەخوارەوە بوو بە ئیمام بو حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) وە حەزرەتیش بوو بە ئیمام بو ئەصحابەکان ، وە لەپاش زەوال لە ئەوەلی وەختەوە نویژی نیوەرویان بە جەماعەت بەجی‌هینا ، وە لە ئەوەلی عەصرەوە لەوکاتەدا کە سیبەر لاربوەوە ، وە سیبەری هەرشتی بەقەدەر خوی دریژ بوو ، نویژی عەصریشیان بە جەماعەت کرد ، وە لەکاتی پاش روژئاوا بوون بە یاسای پیشوو نویژی مەغریبیان کرد ، وە لەپاش ئەوە کە شەفەقی سووری قەراغی ئاسمان ون‌بوو نویژی جەماعەتی عیشایان کرد ، وە

لەپاش دەرکەوتنی بەیان نویژی سبەینی یشیان بە جەماعەت کرد لەگەل حەزرەتی جیبرەئیلا، وە لە روزی دواییدا نویژی نیوەرویان کرد لەکاتی پیش هاتنی نویژی عەصردا ، وە نویژی عەصریان کرد لەپیش روژئاوابوونا ، وە نویژی مەغریبیان کرد کەمیک بەرلەوەی شەفەقی سووری قەراغ ئاسمان ون ببی ، وە نویژی عیشایان کرد لەپیش دەرکەوتنی بەیانا ، وە نویژی سبەینیشیان کرد لەپیش هەتاوکەوتنا • ئەمجار حەزرەتی جیبرەئیل فەرمووی بە پیغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم) وا ئەم دوو روژە ئەم نویژانەمان کرد وە بزانن وەختی ئەم نویژانەمان بو دەرخستن بەوە کە ئەوەلو ئاخرەکانمان دەربری بوتان • ئیتر بەمشیوە ئەتوانن نویژەکانتان بکەن •

بەمشیوە شەریفە ، وە بەمحورمەتو تەمکینە ، کارەساتی (اسراء)و میعراج بەجیهاتن ، وە بوون بە موعجیزەیەکی گەورە بو حەزرەتی فەخری عالەم (صلی اللّٰه علیه وسلم) وە بەهوی سەربەرزیی هەرچی ئوممەتو ئەتباعی ئەوە سەرجەم ، وە لەمکاتەدا ئەم یادنامەی میعراجە تەواو ئەکەین بە چەند دروودو سروود ، وە پیشکەش کردنی ئیحتیرام بە مەقامی مەحموود ، علیه الف صلاة والف سلام •

صل رب الفا الفا
علی النبي المصطفی

وعلى آله وصحبه
واتباعه الشـرفا

خودا بڕژێنه صه‌لاوات
به‌ده‌وام له‌سه‌ر (مصطفى)

هه‌م له‌سه‌ر ئال‌و یارانی
له‌سه‌ر ئوممه‌تی باوه‌فا

ئه‌ی چرای دڵی موسوڵمان
ئه‌ی ضیای سینه‌ی بێجه‌فا

میعراجی تۆ بوو به‌هه‌شتی
کرد به ماوای سه‌یرو صه‌فا

(سدره) بوو به فه‌رشی به‌رپێت
عه‌رش ئارامگای (مصطفى)

ئه‌طله‌سه ئه‌وجی طولووعت
بۆ صه‌فای قه‌لبی (عرفا)

حوورو (رضوان) هاتنه وه‌صفت
به نه‌ثرو نه‌ظمی (مقفّی)

ئه‌ڵێن با بڕژێ صه‌لاوات
بۆسه‌ر ڕۆحی (مصطفى)

ئه‌ی حه‌بیبی سه‌رفه‌رازم
کانی عیلم‌و عه‌قڵ‌و وه‌فا

حیکمه‌تی لوقمان له‌لای تۆ
وا له‌ژێر په‌رده‌ی (اختفا)

ناوی دوولیوەت شیرین تر
لە هەنگەوینی (مصفّی)

نیگایەکی تۆ لە ناساغ
ئەبێ بە ئەسبابی شیفا

تۆزیڕێت دەس کەوێ بۆ چاوم
نامەوی سورمەی (مستنشفی)

خاکی دەرگات بۆ دلسۆزان
زیاتر لە مەروەو صەفا

توو تیایەو جەواهیر سورمە
بۆ دڵو چاوی عورەفا

پرسیارێکت خەڵاتە
دڵسۆز پێی ئەکا ئیکتیفا

خودا بڕژێنە صەلاوات
بەخوڕەم بۆسەر (مصطفی)

هەرکەس ڕۆژی ڕووت ببینێ
ئەمینە لەکاتی خۆفا

موژدەی ئەداتی فریشتە
(عفا الله عما سلفا)

دەس بدا خادمیت بۆ هەرکەس
لە شاهی ئەکا (استعفا)

نیشانەی قافلەکەمان بو باس‌بکەی • منیش وتم ئەو قافلەیە لە فلان شوینا بەلایانا رابووردمو شەربەیەك ئاویان دانابوو ، وە خویان نووستبوون • منیش لەو شەربەیە ئاوم خواردەوە • وە قافلەکە ئیستە گەیشتوەتە فلان شوین ، وە وشتریکی وەها لەپیشیانەوەیەو بەم‌نزیکانە ئەگەنە بەرەوە ، وە ئەو وشترە دوو خەراری لەسەرپشتە ، رەنگی یەکیکیان سپی‌ی رووتە ، وە ئەویان سپی‌و رەشە • کە ئەم بەیانەم کرد خاوەن قافلەکە رویشت بەپیری قافلەکەوە ، بەو نەوعە کە بوی بەیان‌کرا چاوی بە قافلەکە کەوت‌و قافلەکە گەرایەوە بو (مکەی مکرمە) • ریوایەت کراوە ئەوشەوە کە حەزرەت (صلی‌الله علیه وسلم) لە میعراج هاتەوە بو سبەینی کاتی نیوەرو گەلی لە ئەصحابەکانی کوکردەوە ، وە حەزرەتی جیبریل هاتەخوارەوە بوو بە ئیمام بو حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) وە حەزرەتیش بوو بە ئیمام بو ئەصحابەکان ، وە لەپاش زەوال لە ئەوەلی وەختەوە نویژی نیوەرویان بە جەماعەت بەجی‌هینا ، وە لە ئەوەلی عەصرەوە لەوکاتەدا کە سیبەر لاربوەوە ، وە سیبەری هەرشتی بەقەدەر خوی دریژ بوو ، نویژی عەصریشیان بە جەماعەت کرد ، وە لەکاتی پاش روژئاوا بوون بە یاسای پیشوو نویژی مەغریبیان کرد ، وە لەپاش ئەوە کە شەفەقی سووری قەراغی ئاسمان ون‌بوو نویژی جەماعەتی عیشایان کرد ، وە

لەپاش دەرکەوتنی بەیان نوێژی سبەینی یشیان بە جەماعەت کرد لەگەل حەزرەتی جیبرەئیلا، وە لە روزی دواییدا نوێژی نیوەڕویان کرد لەکاتی پیش هاتنی نوێژی عەصردا ، وە نوێژی عەصریان کرد لەپیش روژئاوابوونا ، وە نوێژی مەغریبیان کرد کەمیک بەرلەوەی شەفەقی سووری قەراغ ئاسمان ون ببی ، وە نوێژی عیشایان کرد لەپیش دەرکەوتنی بەیانا ، وە نوێژی سبەینیشیان کرد لەپیش هەتاوکەوتنا ۰ ئەمجار حەزرەتی جیبرەئیل فەرمووی بە پیغەمبەر (صلی‌اللّٰه‌علیه‌وسلم) وا ئەم دوو روژە ئەم نوێژانەمان کرد وە بزانن وەختی ئەم نوێژانەمان بو دەرخستن بەوە کە ئەوەلو ئاخرەکانمان دەربری بوتان ۰ ئیتر بەمشیوە ئەتوانن نوێژەکانتان بکەن ۰

بەمشیوە شەریفە ، وە بەمحورمەتو تەمکینە ، کارەساتی (اسراء)و میعراج بەجیهاتن ، وە بوون بە موعجیزەیەکی گەورە بو حەزرەتی فەخری عالەم (صلی اللّٰه علیه وسلم) وە بەهوی سەربەرزیی هەرچی ئوممەتو ئەتباعی ئەوە سەرجەم ، وە لەمکاتەدا ئەم یادنامەی میعراجە تەواو ئەکەین بە چەند دروودو سروود ، وە پیشکەش کردنی ئیحتیرام بە مەقامی مەحموود ، علیه الف صلاة والف سلام ۰

صل رب الفا الفا
علی النبي المصطفی

وعلى آله وصحبه
واتباعه الشــرفا
خودا برِژێنه صه‌لاوات
به‌ده‌وام له‌سه‌ر (مصطفى)

هه‌م له‌سه‌ر ئال‌و یارانی
له‌سه‌ر ئوممه‌تی باوه‌فا

ئه‌ی چرای دڵی موسوڵمان
ئه‌ی ضیای سینه‌ی بێ‌جه‌فا

میعراجی تۆ بوو به‌هه‌شتی
کرد به ماوای سه‌یرو صه‌فا

(سدره) بوو به فه‌رشی به‌رپێت
عه‌رش ئارامگای (مصطفى)

ئه‌طله‌سه ئه‌وجی طولووعت
بۆ صه‌فای قه‌لبی (عرفا)

حوورو (رضوان) هاتنه وه‌صفت
به نه‌ثرو نه‌ظمی (مقفّى)

ئه‌ڵێن با برِژێ صه‌لاوات
بۆسه‌ر رِۆحی (مصطفى)

ئه‌ی حه‌بیبی سه‌رفه‌رازم
کانی عیلم‌و عه‌قڵ‌و وه‌فا

حیکمه‌تی لوقمان له‌لای تۆ
وا له‌ژێر په‌رده‌ی (اختفا)

ناوی دوولیوەت شیرین تر
لە هەنگەوینی (مصفّی)

نیگایەکی تۆ لە ناساغ
ئەبێ بە ئەسبابی شیفا

تۆزی ڕێت دەس کەوێ بۆ چاوم
نامەوی سورمەی (مستشفی)

خاکی دەرگات بۆ دلسۆزان
زیاتر لە مەروەو صەفا

تووتیایەو جەواهیر سورمە
بۆ دڵو چاوی عورەفا

پرسیارێکت خەڵاتە
دڵسۆز پێی ئەکا ئیکتیفا

خودا بڕژێنە صەلاوات
بەخوڕەم بۆسەر (مصطفی)

هەرکەس ڕۆژی ڕووت ببینێ
ئەمینە لەکاتی خۆفا

موژدەی ئەداتی فریشتە
(عفا اللّه عما سلفا)

دەس بدا خادمیت بۆ هەرکەس
لە شاهی ئەکا (استعفا)

مەرحەبا یەکت لە حەیران
ڕەهنومایەکە بەوەفا

پڕ تەوت لە هەر کەسی دا
(حسبه الله و کفی)

هەر کەسی لە دەورت گەڕێ
حاجی‌یەو وا لە تەوافا

ئەو کەسەی دڵی سەلیمە
هەڵگرە بۆ عەهدو وەفا

بە فەیضی پەیمانی تۆوە
ئەژمێررێ لەناو سەلەفا

ڕێزەخۆری خوانی فەیضت
ئەولیاو ئەصفیاو عورەفا

حاتەمی تەی لە خوانی جوودت
ڕێزەیەکی برد بە تەرەفا

نەبوە وێنەی تۆو قەت نابێ
لە سەلەفو لە خەلەفا

ئەوەی لەخەوا بت‌بینێ
بێ‌غەمە لە (وا اسفا)

شاسواری دەشتی مەحشەر
(یا سیدنا المصطفی)

کاتی واوەیلای خەلایق
کە سەرگەردانن لە خەوفا

بەکەرەم ڕووبکە لە (نامی)
(شافعاً لما اقترفا)

بەڵکو بژمێررێ لە تیپی
خادیمانی خاوەن وەفا

★ ★ ★

لێبوومەوەلە پاکنووس کردنی ئەم میعراجنامەیە لە ڕۆژی دووشەممە دووهەمی مانگی ذی القعـدة لە ساڵی ١٣٨٠ ی هیجریدا . وصلی الله علی سیدنا محمد وآله وصحبه اجمعـین . وانا الداعی المؤلف المـدرس بالحضرة الگیلانیة عبدالکریم محمد رحمـه الله ووالدیه وسائر المسلمین .

رقم الايداع في المكتبة الوطنية
ببغداد ١٤٦٧ لسنة ١٩٨٢

السعر ٥٠٠ نصف دينار